نایف محەمەد شێخانی

# عود
# لەدیرۆکی رۆژهەڵاتدا

هەولێر ٢٠٢٠

ناوی کتێب : عود لەدیرۆکی رۆژهەڵاتدا
بابەت : هونەری
نووسەر : نایف محەمەد شێخانی
پیتچنین و هەڵەچن : نووسەر
نەخشەسازی ناوەرۆك : میدیا ئیبراهیم
بەرگ : محەمەد زادە
تیراژ : ٥٠٠ دانە
چاپ : چاپی یەکەم ٢٠٢٠
نرخ : ٤٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (٨٨٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

# پێشــەکی

وەك هەوڵێکی سەرەتایی لەو توێژینەوەیەدا باس لە هەندێك بابەت دەکەین کەلەگەڵ بونیادودروستبوونی ئامێری عوددا سەریان هەڵداوە، ئەو بابەتانەش پێگەو رۆڵی گەورەیان بینیوەو دەبینن بۆئەو ستایل و شێوازانەی ژەنین و بەرهەمهێنانی جۆرێك لە موزیك لە رێگەی ژەنیارە بە تواناو ناودارەکانی ئامێری عود.لایەنی کەم لە قۆناغی دروست بوونی قوتابخانەی فێرکاری عود لە عێراق لەسەر دەستی ( شەریف محی الدین ) و ژەنیارە بە تواناکانی دوای ئەو بە روونی دەبینرێن .

سەبارەت بە شێوازو قوتابخانەکانی ژەنینی ئامێری عودیش لە مێژووی هاوجەرخ و لە ناوچەی رۆژهەلات بە گشتی وقوتابخانەو شێوازەکانی ژەنینی ئەو ئامێرە لە وولاتانی عەرەبی و عێراق بە تایبەتی، زیاترو جیاوازتر لە وولاتانی ترلە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دوای هاتنی عود ژەنی ناوداری رۆژهەلات ( شەریف محی الدین حەیدەر) بۆ عێراق سەرەتاکانی ئەو قوتابخانەیە بەردی بناغەکەی دا رێژرا .
بە تێڕوانین و خوێندنەوەی ووردمان بۆ کاروانی دوورو درێژی مێژووی ئامێری عود و دروست بوونی ستایلی هەمەجۆری لە بۆتەی رەنگ و دەنگ وتۆنی دەنگی ئامێرەکەو هەموو ئەو ستایل و قوتابخانانەی کە بۆ ئەو ئامێرە هاتونەتە کایەوە، سەیر دەکەین پە یوەندیەکی پتەوەو تۆکمە راستە خۆیان بە کۆمەلێك بابەتەوە هە یە،کە رەنگە وەسف کردنیان بە کێشە لە بابەتی پەیوەست بە توێژینەوەکەدا لە شوێنی خۆیدا نەبێت .
هەریەك لە بابەتەکانی (ژمارەی ژێیەکانی عود، قەبارەی ئامێرەکەو، جیاوازیەکانی کۆککردن و میتۆدەکانی فێرکاری) هەریەك لەو بابە تانە لە ئاستی جۆراوجۆرو لە قۆناغی جیاجیا و کات وزەمەنی خۆیاندا رۆلی گەورەو نەخش وجێپەنجەی دیارو یەکلاکەرەوەیان بووە لە رەنگرێژکردن وناساندن ونمایشکردنی ستایلە هەمەچەشنەکان و قوتابخانە جیاوازەکانی عود ژەنیندا .

تۆمارە مێژوویەکان لەمەرئەو هەمووهەورازو نشێوانەی ئامێری عود ئەوەندە دەهێنێت وەك بەشێکی گرنگی کێشەو هاوکێشەیەکی سەرەکی تەماشای ئەوحالەتانە بکەین و بەووردی لە رۆڵ وکاریگەریان بکۆڵینەوە لەمەردروستبوونی(مۆرك و ستایلی جۆراو جۆری ژەنیین) و دواجار بوونیان بە رێبازو قوتابخانەی عود ژەنیین .
هیوادارم توانیبیتم مەبەستەکان بپێکم ولەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی وەسفی وشیکاریدا ئەوەند زانیاری و نموونەمان خستبێتە روو پڕبەپێستی وەلامی ئەو گریمانەو پرسیارانە بووبێت، تاکو لە کۆتایی باسەکەدا درك بەوەبکرێت کەکۆمەلێك هۆکاری هەمەچەشن و گشتگیر هەن لە پرۆسەی دروستبوون و هاتنە کایەوەی مۆرك و ستایل و قوتابخانەی ژەنین،وەك ئەوەی لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ساغبکرێتەوە .
بەکوورتی لەئەو توێژینەوەیەدا کۆمەلێك بابەتی پەیوەست بە مێژووی ئامێری عودی خراوەتەروو.لەپاڵ ئاماژەکردن بەمێژووی زیادکردنی ژێیەکانی عودو ناوەکانیان و، جۆرەکانی کۆکردن و، هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو میتۆدانەی کە لە جیهانی عەرەبیدا بۆ ئامێری عود ئامادەکراوە. هەرلەو بەشەدا باس لە کوالیتی عود و بیشەسازی دروستکردنی ئامێری عودو،وەستا ناودارەکانی ئەوئامێرە کراوە، لەلایەکی دیکەوە هەڵوەستەیەك بۆ بابەتی سنوورداربوونی ئامێری عودکراوە لە باری جێبەجێ کردنی تەکنیك و مەودای دەنگی بۆ دنراوە موزیکیەکانی پەیوەست بەو ئامێرەوە.
لە پێش کۆتاییدا کۆمەلێك نموونەو راهێنان و پارچە موزیك خراونەتە روو، تاکو لە میانەی ئەو راهێنان و نموونانەوە خوێندنەوەو شرۆڤەکان و شەن و کەوکردنەکان بە ئاراستەی بابەتی بوونی زیاترمان بگەیەنن و لەرێگەیانەوە بە جۆرو شێوازەکانی ژەنین. کۆتاییەکەش تەرخانکراوەبۆدەرئەنجام وپێشنیارەوراسپاردەوپاشکۆکان، لەگەڵ وێنەکانی پەیوەست بە ناوەرۆکی بابەتەکە.لەکۆتایشدائاماژە بە وسەرچاوەکانە کراوە کە بۆ توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە. شایانی وتنە ئەوکتێبە لە بنچینەدا توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفی بووە بەناوی (میتۆد وشێوازەکانی ژەنینی ئامێری عود لەدیرۆکی رۆژهەلاتدا)لە قۆناغی چوارەمی بەشی موزیك لەکۆلیژی هونەرەجوانەکان سالی خوێندنی (٢٠١٧/٢٠١٨ ) بەپلەی نایاب لەلایەن لیژنەی بەرێزەوە پەسندکراوە .

# هەڵوەستەیەک

ئامانج غازی

نووسینی ئەکادیمی وگەیشتن بەئاکامەکانی تێگەیشتن لەتیۆرو پراکتیکی ئامێرە موزیکییەکان سەلیقەوتێڕامانی هونەری وپالپشتی هزری دەوێت،ئەوروحیەتە هونەریەم لە (نایف شێخانی ) یەوە بینیوەرو،بەردەوامیش چاوەڕێی هەڵوێستی موکڕانەی لەوجۆرەی لێدەکەم. لەدووتوێی ئەو توێژینەوەی بەردەستان گەڕانێکی ورد بەنێو شاکارەکانی یەکێ لەئامێرەژێدارەکان کەهەمیشە مشت ومڕێکی زۆری لەسەربووەوکراوە،شێخانی بەئاگاییەوە بەدوای سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا گەڕاوەو، پشتی پێبەستوون، کەدواجارهەموویا بەیەکەوە گۆڕانکاری ریشەیی دەخەنە سەر زانیاریەکانمان، سەبارەت بە چەکەرەو سەرهەڵدان وگەشەسەندن وپێشکەوتنی ئامێری عود.

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێ چەمکی هونەری بەدیدێکی ئەکادیمیانە خراونەتە روو، قوتابخانەکانی عود لە رۆژهەڵاتدا رۆڵی کاریگەریان هەبووە لەناساندنی پێناس وشوناسی عود، وەڵێ لەهەمانکاتدا ژەنیاری فریتۆزو بەراوردکاری زانستی موزیك بۆگەیشتن بە ئاکامەکانی سەرکەوتنی هونەری لەبواری بەیەکەوە بەستنەوەی (مێژوو وتیۆرو پراکتیزەکردن) ئەمەیان بابەتێکی نوێگەریانەیە کە (نایف شێخانی ) دەیەوێ لە کۆمەڵێ پرسیاری وروژێنەرەوە هەندێ وەڵامی دڵنیاکەرەوەمان بۆبکاتە سەنگی مەحەکی بیروراکانی. بۆیە نووسین وگەڕان وکۆکردنەوەی سەرچاوەودواتربەیەکەوەبەستنەوەی زانیاریەکان لەرۆژگارێك کەزۆرینەی سەرچاوە عەرەبیەکان هەوڵەکان بەئاراستەی خۆیانەوە دەیبەن،کارێکە پێویستی بە وردبوونەوەو هێوربوونەوەی دەمارگیری هەیە،لێرەدا شێخانی وەکو لێکۆلەرێکی پشوودرێژ بنەماکانی قوتابخانەی عود دەکاتە خاڵی وەرچەرخان ودەستپێکی ناساندنی ئەو قوتابخانەیەولەگەڵ مێژوودا رێکارەکانی توێژینەوە بەرەو بەزانستکردنی موزیکی رۆژهەڵاتی دەبا،لەشیکردنەوەو شێوازو ستایل ومۆرك وژەنینی ئەکادیمیانەشدا کۆمەڵێ نموونەی زیندوو دەخاتە نێو گۆڕەپانی توێژینەوەی زانستی، کەبەرای من ئەمە کارێکی جدی ولێوانلێوە لەکێبرکێ کردن لەگەڵ زەمەنی داهێنان و ئەفراندنی نێو قوتابخانەکانی عودو بەیەکەوە گرێدانێکی زیرەکانەی ئەو بوارەیە،لەگەڵ ئەمڕۆی پێگەی ئامێری عود لەکوردستان.

بۆیە ئەوتوێژینەوەیە دەستپێکێکی بەنرخ وبەها ئامێزە لەرووی چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ نووسینی لێکۆلینەوەی زانستی وکردنەوەی دەروازەیەکی والآو گرنگی نووسینی ئەکادیمیە لەکوردستان،دەرئەنجام وئاکام وئامانجەکانی ئەم نووسینە لەوەدا بەرجەستە دەبن کەچۆن بتواندرێ لەپێگەی ئامێرێکی رۆژهەڵاتیەوە بنەماکانی موزیکی رۆژهەڵاتی بەسەر نەتەوە جیاجیاکانی نێو میزۆپۆتامیا پەرش وبلاوبن و، ئالێرەدا پشکی ئێمەش وەکو کورد کەلانکەزای کۆمەلێ بابەتی زیندووین لەنێولاپەرەکانی مێژوودا رۆشنایی هونەری ببینن وچیتر فەرامۆشی هونەری

نەبێتە بەشی لێکۆڵەرو شەونخونی (هونەرمەندانمان) بەفیرۆ نەروات .

لەراستیدا کتێبەکە هەڵتەکانێکی ریشەییە لەبواری شوناسی موزیکی رۆژهەلاتی بەگشتی و شوناس ومیتۆدو شێوازەکانی ژەنینی ئامێری عود بەتایبەتی.

**تێبینی:**

ئەوتوێژینەوەیە لەلایەن لیژنەی زانستی بەشی موزیك،ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ وەك توێژینەوەی دەرچوون پلەی نایاب ی پێبەخشراوەو لەلایەن مامۆستای هونەرمەند ئامانج غازی سەرپەرشتی کراوە، لەمیانەی یەك ساڵی نووسینەوەی توێژینەوەکەدا،بەردەوام بە پێدانی زانیاری گرنگ و سەرچاوەی زانستی هاوکاری بێ سنووری کردووم. سەرباری ئەوەی لەسێ ساڵی کۆتایی خوێندنی کۆلیژ لە باری راهێنان و وردەکاریەکانی ژەنینی زانستیانەی ئامێری عوددا دەروازەیەکی زانستی تازەوپڕ بەرهەمی بەردوودا کردمەوە، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم لەهەردووباردا لەدلەوە سوپاسی بەرێزیان بکەم،لەبەر ئەوەی هونەرمەندو مامۆستای بەئەزموون (ئامانج غازی) لە مێژووی هاوچەرخی فێرکاری موزیك بەگشتی و ئەزموونی (عود ناسی و ژەنین)دا حالەتێکی دانسقەو جیاوازەترە، بۆیە ئەوهەڵوەستەی بەرێزیان سەبارەت بە ناوەرۆکی توێژینەوەکەو کتێبەکە ماناو دەلالەتی گەورەی خۆیان هەیە .

# چەمک و زاراوەکان

مێژوو، میتۆد، شێوازی ژەنین.

**یەکەم :** مێژوو (زانستی کنەو پشکنین و گەران بەدوای راستیەکان، وەك زانستێك راستی وزانیاریەکان چۆنن ئاوای دەخوازێت،نەك وەك ئەوەی پێویستە ببێت .ئەو زانستە دەقاو دەق جیاوازە لەگەڵ سەراپای هونەرەکان،چ ئەدەب بێت یان هەرتوخمێکی دیکە...)[1]

**دووەم :** (میتۆد)[2] لە بنچینەدا ئەوزاراوەیە لە لایەن فەیلە سوفی ئەلمانی( کانت) داهێنراوە، مەبەست لە زاراوەی میتۆد: ئەو پرۆگرامە گشتگیرو هەملایەنەی پرۆسەی پەروەردەوە فێرکردنە،کەبێگومان ( ئیتۆد) و راهێنانە کانیش بە شێکی گرنگی ناوەرۆکی پرۆگرامەکەن.. (میتۆد تەکنیکە بۆ فێربوونی کارکردنی زانستی، جیاوازە لەو خشتە پووختانە کە مامۆستا ئەزبەریان دەکات و دەیان خاتە بەردەم فێرخوازان)[3].

**سێیەم :**

(رۆژهەلات)مەبەست لە لێی سنووروجوگرافیای ئەومیللەتانەیە کە لەرۆژهەلات دەژین، بەدیاریکراوی هەریەك لە میللەتانی وەك : تورك، عەرەب، فارس، کورد، ئەرمەن ... هتد .

---

١-. اسد رستم ، مصطلح التاریخ . الطبعة الاولی ٢٠١٥

٢- https://lotficour.wordpress.com /١١/١١/٢٠١١

٣ - کوردۆلۆجی گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی .ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨.

# نوێشکێک لە مەڕ ئامێری عود

زۆربەی ئەوسەرچاوانەی بۆ دەوڵەمەندکردنی بڕگەو بابەتەکــانی ئــــەو توێژینـــەوەیە، پشتیپێبە ستراوە، سەرچاوەگەلێکن بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاو کراونەتەوە، بە داخەوە لەو بوارەدا کتێبخانەی کوردی سەرچاوەی زانستی ئەوەتۆی تێدا نییە تاکولەبە دواداچوون وساغکردنەوەی مێژووی ئامێرەکان بەگشتی و ئامێرە رۆژهەلاتیەکانی نموونەی وەك ( عود ) پشتی پێببە ستین و بگەڕێنەوە سەریان .

تایبەت بەساغکردنەوەی مێژووی ئەو ئامێرە دێرینەی شارتانیەتی مرۆڤ،لە خودی چاپ وبڵاوکراوەکانی نووسەران وتوێژەرانی عەرەبیدا هەست بەوە دەکرێت کە زیاد لە یەك بۆچوون وئاراستە هەیە بۆ ساغکردنەوەی مێژووی ئەو ئامێرە دێرینەی رۆژهەلات.ئەوەی گرنگە کۆی گشتی ئاراستەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو ئامێرە بە هەموو هەورازو نشێوەکان و قۆناغەکانی کەپێیدا تێپەڕیوە،لە باری پێکهاتەو،شێوازەکانی ژەنین و، هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ئامێرەکە، بەرهەم وزادەی شارستانیەتی گەلانی ئەو ناوچەیەن.

زۆربەی توێژنەوەو نووسینەکان لەو بارەیەوە ئاماژە بەبوونی ئامێری عودو خانە وادەکەی دەکەن، لە باری دەسکی کورت و درێژو شێوازگەلی دیکە لە شارستانیەتی میللەتان نموونەی ئەمانە ی خوارەوە :

**شارستانیەتی چینی کۆن :** بەر لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح جۆرە ئامێرێکیان هەبووە بەناوی عودی نیشتمانیی،کە یەکێك لە ئامێرە سەرەکیەکان بووە لە موزیکی چینیدا، بۆ هاوشانی کردنی گۆرانی چڕین و ئاواز دانان بەکار هاتووە .

شارستانیەتی هیندی کۆن : بەرلە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین، کۆمەلێك ئامێری ژێداریان هەبووە یەکێك لەوانە ئامێری ( vina ) بووە،ئەو عودەی ئەوان لە ئامێرە پڵە یەکەکانی موزیکی کۆنی هیندی هەژمار دەکرێت .

توێژەرێکی فەرەنسی بەناوی (سبایکەت) پێیوایە بنەچەی ئامێری عود مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێش زایین، لە ناوچەی ئیلامی بەشی باشوری رۆژئاوای ئێران . بە پشت بەستن بە دۆزینەوە شوێنەوارێك کە پێکهاتووە لە (٧٠) پارچە، ئێستاکە لە مۆزەخانەی لۆڤەرلە پاریس پارێزراوە کە ئەو پارچانە وێنای ژەنیینی ئامێری عود دەکەن لە ڕێگەی ریشەیەکەوە)[١].

یەکێك لەو توێژەرانەی کە بیرو بۆچوونەکانی رووبەرێکی بەرفراوانی داگیرکردووە لە جیهانی عەرەبی و باری سەرنج و دەرئەنجامەکانی سەبارەت بە رەچەلەك وبنەچەی ئامێری عود بۆتە جێی متمانەی زۆرو بەردەوام لە توێژینەوەکاندا پشتیپێ دەبەسترێت

---

١- http://www.aaaschool.net

٢- د. صبحي انور رشيد – الموسيقى في العراق القديم .الطبعة الاولى ١٩٨٨.

بۆچوونەکانی توێژەر (د.صبحی انور رشید) ە[٢].
ئەو توێژەرە دەڵێت: (لەو توێژیتەوە بەراوردکاریەی کە بۆ شوێنەوارەکانی موزیك لە عێراق و وڵاتانی جیهان کردوومە ئەوەم ساغکردۆتەوە کە کۆنترین دەرکەوتنی عود لە عێراق بووە لە سەردەمی ئەکەدیەکان بووە لە نێوان سالانی (٢٣٥٠- ٢١٧٠ ) پێش زایین).
شایانی باسە ئەو توێژینەوەی (د صبحی انور رشید) وەك ئاماژەمان پێکرد لە ناوەندی هونەری وزانستی و ئەکادیمی عەربیدا، متمانەی زۆری بەدەستهێناوە بە بەڵگەی ئەوەی هەمیشەو بەردەوام لە بابەتی ساغکردنەوەو پشتبەستن بە بەڵگەکانیان وەك سەرچاوەی زانستی وئەکادیمی باوەڕپێکراو بەکاری دەهێنن و بۆچوونەکانی دەکەن بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە.
هەرکەسێك بەووردی ئەو توێژینەوە بخوێنێتەوە لە پاڵ بۆچوونەکانی توێژەر هەست بەجۆرێك لە کاردانەوە دەکات بەرامبەرراوبۆچوونەکانی زاناو توێژەری بەناوبانگی ئەلمانی (شتاودەر)، کە (د.صبحی) باس لەوە دەکات ناوبراولەریزی پێشەوەی ئەو زانا رۆژئاوایانەیە کە باسی لە بنەچەو رەچەلەکی ئامێری عود کردووە .
ئەو هەستی کاردانەوەو بۆنی جۆرێك لە دەمارگیری زیاتر تۆخ دەبێتەوە کاتێك خوێنەر بە دروستی پوختەی راو بۆچوونەکەی( شتاودەر) دەخوێنێتەوە کە دەڵێت :(کۆنترین سەردەمی دەرکەوتنی عود هەمان ئەوسەردەمەیە کە دانشتوانی ناوچە شاخاوییەکان لەسەر شانۆی سیاسی و دەسەلاتداریدا ناوچەی رۆژهەلاتی ناویندا دەرکەوتوون لە نیوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین ... ئامێری عود یەکێکە لەئامێرە موزیکیانە کە لایەنێکی درەوشاوەی دانشتوانی ناوچە شاخاویەکانە، بەتایبەتیش خوریەکان کە لە دەڤەری شاری وانەوە تاکو باکوری عێراق لە سەدەی پازدەهەمی پێش زایین و دواتریش دەسەلاتداری ئەو ناوچانە بوون )[١] .
د. موئەیەد عەبدولسەتارلە توێژینەوەیەکدا دەڵێت: هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئامێری عود لەلای گریکەکانەوە بۆ رۆژهەلات هاتووە ..... بەپێی ئەوبەلگە مێژووییانەی لە پاشایەتی (ئیلامیەکان) و شارستانیەتی(سۆمەریەکان)لە باشووری عێراق دۆزراونەتەوە، بۆمان ساغدەبێتەوە کە عود ئامێرێکی رەسەنی ئەو ناوچانەیە، بەتایبەتی ئە وکەڵ و پەلانەی لە ناوچەی(سووسە)دۆزراونەتەوە،کە مێژوویان بۆ هەزارساڵ پێش زایین دەگەڕێننەوە.ئەوەش لەونەخش ونیگارانەی رووی دەرەوەی ئەوسوراحی و کەڵ و پەلانەدا دەردەکەون،کە هەندێکیان لە قوڕی سورەوەکراوەو کانزا دروستکراون و وێنەی ئامێری عودیان تیادا دیارە،ئەمانە دەیسەلمێنن کە ئامێری عود سەربە پاشایەتی (ئیلامیەکان)[٢] ە.مەبەستی توێژەرناوچەی (ئیلام و لورستان )وناوچەی کوردنشینی کوردانی فەیلییە .

١- د. صبحی انور رشید - الموسیقی في العراق القدیم .الطبعة الاولی ١٩٨٨ .
٢- د. مؤید عبد الستار . موزیکی وڵاتی میزۆ بۆتامیا . و، هاژە . گۆڤاری چلاواز .ژمارە ٤٩ .

# ئاوردانەوەیەکی خێرا بۆ مێژووی دوور

سەبارەت بە یەکەم داهێنان ودۆزینەوەی ئامێری عود مێژوو نووسان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ چوونی جیاجیان تۆمار کردووە،هەندێك پێیان وایە داهێنەرەکەی (لامك) ی نەوەی پێغەمبەر ئادەم بووە،سەلامی خودای لەسەر بێت .هەندێکی دیکە دەڵێن یەکەم کەس کە عودی دروستکردووە (نوح) پێغەمبەر بووە سەلامی خودای لەسەر بێت لە کاتی تۆفانەکەدا،دەگووترێ لە سەردەمی داود پێغەمبەر دۆزراوەتەوە .

هەندێکی ترداهێنانی عود بۆهەریەك لە(فیثاغۆرس) و (ئەفلاتون) دەگێڕنەوە. کاتێك پرسیارسەبارەت بەدۆزینەوەی ئامێری عودکرا، گووتیان ئەبونەسری فارابی فەیلەسوفی ناودارکاتێك باوکی دەمرێت،عودێکی دروست کردووە، تەنانەت لەسەرتادا کونی لەرووی عودەکە نەکردووە و سەرەتا وەك ئامێرێکی کەڕو کپی کەم دەنگ و بی لەرینەوەی دەنگ بووە، پاشان لە رووداوێکدا مشك چووتە ناوو عودەکەو قرتاندوویەتی و کونی تێکردووە و بۆتە هۆی ئەوەی دەنگ و لەرەی عودەکە گەورە بێت،ئەوەش فارابی دلخۆش کردووەو شانازی بەو دۆزینەوەیە کردوە کە مشکەکە نیشانیداوە،بۆیە دوای ئەوە ناوی بوو بە (فارابی)[1].

**ئامێری عود پێناسە و شوناسی دیرۆکی**

وشەو زاراوەی(عود)(لە زمانی عەرەبیدا بۆ تەختەو داری دەست بەکاردێت .لە ناوەڕۆکدا : بۆئامێری موزیکی بەکاردێت کە لە خێزانی ئامێرە ژێدارەکانەو لە ڕێگەی لێدان و بەکار هێنانی ریشەوە دەژەندرێت)[2] .

زانایانی رۆژئاوا ئەو وشە بەتەنیا بۆ عودی عەرەبی بەکارناهێنن بەڵکو بۆ مانای کۆمەڵێکی گەورەلە ئامێری موزیکی کەژێیەکانی بەش بەشی دەکەن بەکاردەهێنن، بە گوێرەی شێوەی ئامێرەکە بۆ چەند بەشێکی زۆری وەك( خێزانی تەنبوور خێزانی ساز خێزانی تار،خێزانی باندووری وخێزانی رەبابە )ناوزەد دەکرێن .

زاراوەی عود لە زمانەکانی دیکە :

(Lute) ئینگلیزی (luth) فەرەنسی (lut) دانیمارکی (laude) ئیسپانی (alaude) پورتوغالی (laute) ئەلمانی ( liuto) ئیتالی لە زمانی ئەکەدی زاراوەی ئینۆ (ino)

---

١- https://majedmusic.wordpress.com/ ١٣/٠١/٢٠١٧

٢- http://www.aaaschool.net

بەکارهاتـووە .

لـە زمانـــی سۆمــەرییەکـــان گـودەو گــــودی (gudi-gude) .

لـەلای هەندێـك شارسـتانیەت و زمانـی دیکـە ئـەو ناوانەشی بـۆ بـەکار هاتـووە :

(البربت – المزهر – الكران – البريگ – البربگ – الموتر – البربپ – البربرج – الون) .

**جۆرەکانی عود لە رووی قەبارەوە**

ئـەو جـۆرە عـودەی کـە ئـەمڕۆ بـە بەربـڵاوی بـەکار دەهێندرێـت دابـەش دەبێت بۆسێ جـۆر:

- عـودی گـەورە : کـە درێژیەکـەی لـە خوارەوە بـۆ سـەرەوە (٧٣ سـم، درێـژی ژێیەکانـی (٦٣)سم .

- عـودی مامناوەنـد درێژیەکـەی ٦٦سـم، درێـژی ژێییەکانـی ٥٨سـم .

- عـودی بچـووك درێژیەکـەی ٥٩سـم، درێـژی ژێییەکانـی ٥٢سـم .

بـەڵام ئـەوەی کـە زۆرتـر بـە کار دەهێندرێـت جـۆرە عـودی گـەورەیـە )[١]

**ناوی ژێیەکانی ئامێری عود**

سـەبارەت بـە لایەنـی مێژوویی کۆکـردن و ناولێنانـی ژێیەکانـی عـود (توفیـق سـەباغ) پێـی وایـە کـە لـە کۆنـدا بەسـتن و ناولێنانـی عـودی عەرەبـی جیـاواز بوولەگـەڵ عـودی فارسـی،دواتر لـە کۆتایـی سـەدەی یەکەمـی هیجری، عـەرەب پەیـرەوی شێوازوناولێنانی فارسـیان کـرد، بـەو شـێوەیە ناویـان لـە ژێیەکانـی ئامێـری عـود ناوە،لـە گـرەوە بـۆ تیـژ: (بـەم، دووانە،سـیانە، تیـژ ) جاران لـە سـەررووی ئامێـری عـود شـوێن وجێـی پەنجـەی تـۆن و پەیژەکانـی لێـوە دەستنیشـان دەکـراو ناویـان لێنابوو(دستان،دسـاتین)ی عود،پـاش ئـەوە گـۆڕانـکاری جۆراوجـۆر بەسەرشـێوەو ژمارەی(دسـتان)داهاتوتا لەکۆتاییـدا بەیەکجـاری لـە سـەر رووی عـود هەڵگیـرا...)[٢]. کەچـی لـە یەکێـك لـە سـەرچاوە گرنگـەکان بـەو شـێوەیە بـاس لـە ژمـارەو نـاوی ژێیەکانـی عـود دەکات: بەناوبانگتریـن و پڕبایەختریـن ئامێر ئەوەیە کە نـاوی عـودە، ئـەو ئامێرە پێنـج ژێـی لێدەبەسترێ و ئـــەوەی سـەرەوەیان (بەم)ــە پاشـان (سـیانە)، (دووانـە)، (زیـر)، (تیـژ)[٣] ئـەو ناولێنانـەی ژێیـەکان درێـژەی کێشـا تاکـو سـەردەمی ئەمـەوەی و عەباسـیەکان، دوای کەوتنـی بـە غـدا لـە سـاڵی ١٢٥٨ بـە دەسـتی مەغۆلـەکان هەندێـك زاراوەی فارسـی دەرکەوتـن بۆناویژێیەکانـی عـود،وەك: (قەرارچوارگا،عەشـیران، دۆگا، نـەوا، کـردان).

کاتێـك کەنـاوە رۆژئاواییـەکان بـڵاو بوونـەوە نـاوی ژێیـەکان بـۆ ئـەو شـێوەی خـوارەوە گـۆڕان: (فـا – لا – ری – صـول – دو ).

---

١- www.middle-east-online.com

٢- توفيق الصباغ الدليل الموسيقى العام في اطرب الانغام سنة الطبع ١٩٥٠ .ص ١٤٩ .


٣- الحاج هاشم الرجب . الرسالة الشرقية فى النسب التاليفيه لصفي الدين الارموي . ص ١٤٠ .

- عودی کۆن : عودی چوار جووتە ژێی .
- عودی تەواو : عودی پێنج جووتە ژێی .
- جۆری تەواوتر: عودی شەش جووتە ژێی .

### بەش و پێکهاتەکانی ئامێری عود

ئامێری عود لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتووە گەورەترین بەشی (کاسە، یان سەندوقی دەنگ )ە،کە بە پارچەیەکی دیکەی درێژەوە بە ستراوەتەوە،پێی دەگوترێت (دەسك یا زەند )بە هێل وخالی بەیەك گەیشتنی هەردوو بەشە دەگووترێت (مڵ ) ی عود. لەکۆتایی دەسکدا پارچەیەکی دیکەی کون کون کراو هەیە تایبەت بە کلیلی ژێیەکان پێی دەڵێن (مالی کلیلان) لە سەر رووی پێشەوەی عود لە شوێنی بە کار هێنانی ریشەدا بۆ پاراستنی رووی عود یە پارچە یەکی تەنك داپۆشراوە(روپارێز) .

لەم وێنەی خوارەوە روونتر پێکهاتەو بەشە سەرەکیەکانی ئامێری عود لەلایەك و نەخشەو ئەندازەو میانەی ئەو بەش و پێکهاتانە دەخەینە روو:



# پێشکەوتنی ئامێر عود
# (هۆکارو خاسیەتەکان)

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان کە باس لەئامێری عود دەکەن،لە بابەت ئەو قۆناغانەی کە پێیدا گوزەری کردووەو،لە باری ژمارەو جۆری ژێیەکان، شێوازی گرتن، ریشە و بەکار هێنانی، گڕو تیژی دەنگ،مەوداو میانەی تۆنە دەنگییەکان و،کۆمەڵێك بابەتی پە یوەست بەوئامێرە.ئەوراستیەت بۆساغدەبێتەوە کەداهێنەرو پیشەکاری بەئەزموون رۆڵی گەورەیان لەوپرۆسەی گەشەکردنیدا بینیوە .

ئەو ئامێرەعودەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و لە بەر دەستدایە،لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە،تاکوبەو شێوەی ئێستای گەیشتووە،دکتۆر تارق حەسوون لە پەرەگرافێکدا لەوبارەیەوە دەڵێت: (ئەو چاکسازی و گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ئامێری ڤیۆلیندا هات، ئامێری عودیشی گرتەوە،لە ماوەی گواستنەوەی بۆ رۆژئاوا لە رێگەی ئەندەلوس (ئیسپانیا) و (ئتالیا) و (ولاتانی بەلقان)و دروست دوای فەتحی ئەندەلوس لە (٧٠٣ زاینی )،لەو کاتەوە لە رۆژئاوا عودی (دیسکانت) دەرکەوتن،لە جۆری ئالتۆ و تینۆرو باص،لە هەندێك سەرچاوەشدا،حەوت جۆر عود لە باری دەنگەوارو تۆنەوە دەبیندرێت،ئەو عودانە لە رۆژئاوادا ناوی جۆراو جۆریان لێنراوە،سەرباری ناوی زیاتر بۆ خودی ناوە ئەصلیەکەی عود ......)[1] .

بۆنموونەئەوەی زیاترنزیکە لە راستیەوە عودی ملکوورت لەزۆربەی سەرچاوەمێژو وییەکاندا، هەر لە سەرتاوە چوار جووتەژێی هەبووە، لەکتێبەکەی (د.صبحی انوررشید)دا هاتووە (سەبارەت بەرۆمانەکان فلایشهاوەر دەڵێت: ئەو ئامێرە موزیکیە رۆژ هەلاتیانەی کە لە رۆژهەلاتیان وەرگرتووە وەك عود،پاشماوەو شوێنەوارەکانیان وامان نیشان دەدەن کە ئەو ئامێرە چوار ژێی هەبووە)[2] .

لێکۆلەری بواری موزیك (علی الشوك) لەمەر ئەم بابەتەوە دەڵێت: بابەتی چوار ژێی عود رەگێکی کۆن ومێژوویی هەیە هەروەك لەپارچەوشوێنەوارەکاندا هاتووە،عود لە رۆژهەلات ورۆژئاواهەرچوارجووتەژێی هەبووە، ئەو ژمارە چوارە پەیوەستە بە بابەتی میتۆلۆژیاوە لە سەردەمی بابلیەکانەوە هەرهەبووە،کە ئاماژەیە بۆ چوار وەرزەکەی ساڵ )[3].

---

١- مع الموسيقى العالمية .د. طارق حسون فريد .ص ٢٣ . بغداد ١٩٨٩ .
٢- د. صبحى انور رشيد - الموسيقى في العراق القديم .الطبعة الاولى ١٩٨٨.
٣- على الشوك - الموسيقى بين الشرق والغرب .الطبعه الاولى — كولونيا. المانيا .١٩٩٧.

# زیادکردنی جووته ژێی پێنجەم

بابەتی زیاد کردنی ژێیەکانی ئامێری عود بابەتێکی کۆنەوپەیوەندی راستەوخۆی بە کۆمەڵێك بابەتی گرنگەوە هەیە هەربۆیەش لەزۆرتوێژینەوەدا باس کراوە.

لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (پەیوەندی نێوان عودی رۆژهەلاتی و قالبە موزیکیەکانی عەرەبی وتورکی وفارسیی)دا نووسراوە: (دەتواندرێ بەگوێرەی ژمارەی ژێیەکان وشێوازەکانی ژەنین،ئەومیانانەی کە بەکارهاتوون وئاماژەن بۆ زیادبوونی ژمارەی ژێیەکان بەرفراوان بوونی ئاستی دەنگەوارەکان وقۆناغەکانی پێشکەوتنی عوددیاری بکرێن. وەك دەبینین چوارژێ لەلای (زەلزەل )لە سەدەی هەشتەم پێنج لەلای (کندی) لەسەدەی نۆیەم و، شەش لەلای (لازقی)،ئەوەش بووە هۆی دروست بوونی دابرانێك لە نێوان گۆرانی بێژو ژەنیاری کارامە لە سەدەی بیستەم)[1] .

بابەتی زیادکردنی جووتەژێی پێنجەم بۆ ئامێری عود تەنیا بابەتی رۆژ نەبووە،بەڵکو باس لەوە دەکرێت کە زریاب عودی تایبەت بە خۆی دروست کردووە،کاتێك لە دیوەخانی هارونە رەشید داوی لێدەکرێت دەست بکات بەژەنیین رەتیدەکاتەوە بە عودی مامۆستاکەی ئیسحاق موصلی بژەنێت.

زریابی عود ژەن وبەهرەمەندی ناودارسالانێکی زۆربوو جۆرە ناروونیەك هەبوو سەبارەت بە نەژادو ساڵ و شوێنی لەدایك بوون وکۆچ کردنی، بەڵام خوالێخۆش بوو توێژەرەی موزیك (موهەیمەن ئیبراهیم جزراوی)لە توێژینەوەیەکدا پەردەی لەسەرئەوناروونیانە لاداوەو راشکاوانە ئاماژەی بە نەژادی زریاب کردووە.

لە هەندێك سەرچاوەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە بیرۆکەی زیادکردنی ژێی پێنجەم بۆ زانای ناودار(کندی) دەگرێتەوە کە ناوی نابوودەنگی (زیری دووەم) واتەدەنگی تیژی دووەم لەدوای کندی هەریەك لەزانایان (ئیبن سیناوفارابی) ئەوبۆچوونەیان پشتراست کردۆتەوەو، دواجار لەدوای ئەمان (زریاب) دوای ئەوەی لەئەندەلوس

---

١- - ايام بغداد . وثائق ومحاظرات المؤتمر الدولي الثاني للموسيقى ١٩٧٨ - ص ٢٩٩.

گیرسایەوەژێی پێنجەمی زیاد کرد)[1].
هەرپەیوەست بەداهێنانەکانی زریابەوەباس لەوەدەکرێت (یەکەم کەس بووە پەرمووچەی بازی بۆ ژەنینی عود بەکارهێناوە لەبڕی (دار)، هەرخۆشی ژێی پێنجەمی بۆ عود زیادکردووە).
بۆجووتە ژێی شەشەمیش هەندێك بۆچوون بڵاو کراوەتەوە بە باشی دەزانیین بڵاویان بکەینەوە، نووسەر عەلی الشوك لەلاپەرە کانی ( ١١٩،١٢٠) ی کتێبەکەی (الموسیقی بین الشرق والغرب)[2] ئاماژە بە دیمانەیەکی دکتۆرە شەهرەزاد قاسم دەکات لەگەڵ عود ژەنی ناودار(سەلمان شوکر) ناوبراو لەوەلامی پرسیارێك سەبارەت بە ژێی شەشەمی عود دەڵێت: پێش(شەریف محی الدین هەبووە) خۆم عودێکی شەشیم کڕیوە،کە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٩٧).
عودە تورکیەکانیش ژێی شەشەمیان پێوەیە.
هەر سەبارەت بەو پرسیارە سەلمان شوکر دەڵێت :لە مۆزەخانەی ئامێرەکانی موزیك لە شاری فاس،عودێکی مەغریبیم بینی مێژووی دروستکردنەکەی دەگەرایەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و ژێی شەشەمی پێوەبوو .
نووسەرلەسەرهەمان بابەت ئاماژە بەوەدەکات کەلەفەرهەنگی ناوداری موزیك (Grove)دا هاتووە.. لەدەورو بەری ساڵی ١٥٠٠زاییین هەندێ چاکسازی لە پیشەسازی دروستکردنی ژێیەکانی موزیکدا هاتە کایەوە، یەکێك لە دەرئەنجامانە دروستبوونی ژێی گڕی شەشەم بوو،ئەو شەش ژێیەش بووە ڕێسای سەدەی شازدەهەم. وەك دەزانیین ژێی شەشەمی عودە کانمان تاکەو جووت نیییە وەك ئەوەی رۆژئاواییەکان،ئەوەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی ئێمە ژێی شەشەممان لەوان خواستیەو وەرگرتییە.
وەك زاندراوە بە زیاد بوونی هەر چووتە ژێیەك و گۆڕانکاریەك لە شێوازی کۆك کردنی ئامێری عود لەسەرەوە بۆ خوارەوە گۆڕانکاری بە سەر تۆنی دەنگی رەهای ژێیەکان و گڕو تیژی و کۆی گشتی بەرفراوانی و سنوورداربوونی ئەوزنجیرە دەنگانەی لەئامێری عود دەردەچێت گۆڕانکاریان بە سەردادێت.

---

١- السید عبده . دراسة العود .کیف تعزف علی العود . مصر. الاسکندریة سنة ٢٠٠٩.
٢- تاریخ الموسیقی العربیة - هنری فارمر، ت جرجیس فتح الله. ص - ٢٠٣ / بیروت ١٩٧٢ .

# بەستن وکۆککردنی ژێیەکانی عود

نووسەرو ژەنیاری سوری( توفیق الصباغ )کەلە ساڵی(١٩٥٠) کتێبەکەی چاپ وبڵاو کراوەتەوە، لەو بەشەی کە تایبەتی کردووە بە راهێنان و کاری فێرکاری ئامێری عود، پێی وایە لەپەنجا سالی رابردوو بەهەڵە شێوازی بەستن وکۆکردنی تورکیان بۆئامێری عودبەکار هێناوە، بۆیە دووۆینەی بەستن وکۆکردنی عودی بڵاو کردۆتەوە،کۆنەکەی ناوناوە شێوازی (هەڵە) تازەکەشی بە(راست) ناوناوە.


هەروەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت کە شێوازە کۆنەکە لە سەرە وە بۆ خوارەوە ناوی ژێیەکانی عود( رێ، می، لا، رێ، سۆل )ەو، تازەکەش(سۆل، لا،رێ،سۆل،دۆ) یە [1].

کۆی گشتی جۆرەکانی کۆکردنی ئامێری عود لەو ولاتانە دا بەووردی لە توێژینەوەکەی بەرێز (د.جنکی) دا هاتووە )[2] .کە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بڵاونەکراوەیە


١- توفيق الصباغ الدليل الموسيقى العام في اطرب الانغام سنة الطبع ١٩٥٠ . ص ١٥٢
٢- د. جه نكى جلال حسن - المهارات العزفية على ألة العود فى بعض بلدان الشرق الأوسط دراسة اكاديمية غير منشورة.

ل الاي يعني مو... الاصابع باسماء العلامات الافرنجية لتطبيقها على النوته ولم نذكر
تار المطلقة اي بدون اصابع ومن شاء معرفة اسماء جميع المقامات وارباعها بالعربية فا
م الانغام الشرقية .

بع الاولى في العود هي السبابة والاصبع الثانية البنصر وذلك لطول مسافة وتر العود و
مل قليلاً كما سأبين ذلك .




الرسم الاول هو للطريقة القديمة الغير الصح... وتوضيح لرقبة العود مع اسماء ومراكز العلامات .



## بەشێك لە كۆكردنی باوی ژێیەكانی ئامێری عود

### كۆكردنی چوار ژێیی



### كۆكردنی پێنج ژێی



### كۆكردنی شەش ژێیی



### كۆكردنی شەش ژێی  لە باشوری كوردستان



### جۆرێك لە كۆك ردنی شەش ژێی توركی



### نموونەیەكی دیكەی كۆكردنی عودی شەش ژێ



نایف محەمەد شێخانی  هەولێر 2017

# میتۆدی ژەنیین و فێرکاریی ئامێری عود

سەبارەت بە هەوڵەسەرەتاییەکان و هەستکردن بەگرنگی بوونی میتۆدی تایبەت بە ئامێرە رۆژهەلاتیەکان، لە ناوچەکە بەگشتی، ولاتانی عەرەبی بە تایبەتی، لەدوای بەستنی کۆنگرەی یەکەمی موزیکی عەرەبی لە قاهیرە، ئەوبابەتە بووە بە پرسێکی زانستی و گرنگ، سەرەتا لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا باسی لێوەکراوە،دواتر لە ولاتانی میسرو سوریا، چەند هەوڵێکی کەسی بۆدارشتنی برۆگرامی فێرکاری ئامێرەکانی وەك (عود وقانون ونای) دراوە، لەوهەولەکەسی وسەرەتاییانەدا، گرنگ چاپکردن و بڵاوکردنەوەیمیتۆدی فێرکردنەکە بووە، تایبەت نەبووە بە ئامێرێکی دیاریکراو،بەلکو لەیەك کاتدا وەك میتۆدو سەرچاوە بۆ فێربوونی زۆربەی ئامێرە رۆژهەلاتیەکان وەك عودو کەمانجەو قانون بەکارهێنراوە، نووسەرو دانەری کتێبی (تعلیم الموسیقی الشرقیه) محمدفۆاد محفوض دەستپێکی کتێبەکەدا ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوەودەلێت هەموو راهێنانەکان و دیراسەتەکانی ناوکتێبەکە تایبەتە بەهەردووئامێری (عودو کەمانجە)[1].

پەرەسەندن وهاتنە کایەوەی میتۆدی فێرکاری بۆئامێرەرۆژهەڵاتیەکان بەگشتی و ئامێری عود بەتایبەت لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەگەل دروستبوونی پەیمانگا هونەریەکان زیاتر

پەرەی پێدرا: تایبەت بەمیتۆدەکانی فێرکاری عود لە وولاتانی عەرەبی (نچال عبیدات)[2] لەبەشی موزیکی زانکۆی ئوردنی لەتوێژینەوە یەکدا بەووردی باسی هەمووئەومیتۆدە فێرکاریانەی تایبەت بە ئامێری عودی خستۆتەروو، لەپاڵ ئەوەی باسی لەکەم و کوورتیەکانی چەند لایەنێکی میتۆد و کاری فێرکاری کردووە کە لە لایەن مامۆستایان و راهێنەرانی ئامێری عود لەناوەندەکانی خویندن وفێرکاری پێرەودەکرێن، بۆچارەسەرودەربازبوون لەوهەلانەی کەباسی کردووە، هەندێك نموونەو راهێنانی لەتوێژینەوەکەیدا پێشنیارکردووە.

ناوبراو بە لیستێك ئاماژەی بە ناوی زۆربەی

---

١- محمد فؤاد محفوظ، تعلیم الموسیقی الشرقیة، مطبعة الترقی دمشق ١٩٣٥.
٢- نضال عبیدات، کلیة الفنون الجمیلة، جامعة الیرموك، اربد، الأردن. تۆری ئەنتەرنێت .

ئـەو میتۆدانـە کـردووە کەئیسـتا لـە دامـەزراوە هونەریـەکان وپەیمانگـەو ئەکادیمیەکانـدا پێـڕەو دەکرێـن.

عوبێدات پێـی وایـە گرنگتریـن ئـەو میتۆدانـەی کـە لـە ولاتانـی عەربیـدا پێڕەو دەکرێـن ئەمانـەی خـوارەوەن:

**یەکـەم:** عێـراق (عـود و رێبـازی فێربوونـی). دووبـە بـەرگ دانانـی جەمیـل بەشـیر.

**دووەم:** میسـر: (راهێنانەکانـی ئامێـری عـود) دانانـی حۆریـە عەزمـی، جـۆرج میشـێل،جومعە محەمـەد عەلـی . چـوار بـەرگ .سـالی ١٩٧٦.

(مامۆسـتای موزیـك )دانانـی عەبدولمونعیـم عەرەفـە سـالی ١٩٩٤.

(راهێنانـە سـەرەکیەکانی ئامێـری عـود) دانانـی ئەنعـام لبیـب، ئەلفرێـد جەمیـل ١٩٩٣ .

**سـێیەم :** سـوریا (فێربوونـی عـود) دانانـی عبدالرحمـان جەبەقچـی . حەلـەب ١٩٨٢.

**چوارەم :** لوبنـان (راهێنـان و موزیـك بـۆ ئانێـری عـود ) دانانـی جـۆرج فـەرەح ١٩٧٩.

(عـودو میتـۆدی نـوێ ) دانانـی شـەربل روحانا (١٩٩٥)[1].

ئـەو ژمـارە بەرچـاوەی میتـۆدی فێـرکاری بـۆ ئامێـری عـود لـە بوونـی دەیـان ژەنیـاری لێهاتـوو کە خاوەنـی دەیان و سـەدان کارو بەرهەمـی تایبەتـن بـە ئامێـری عـود لـە وولاتانـی عەرەبـی و تورکیـا بەگشـتی عێـراق بەتایبەتی،لەلایـەك نیشـانەی پێگـەو گرنگـی ئـەو ئامێرەیە،لەلایەکـی دیکـەوە تایبەتمەنـدی و سـەربەخۆیی ئـەو ئامێـرە دووپـات دەکاتـەوە لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ئەو ژمارە زۆرە لە میتۆدی فێرکاری و جیاوازییەکانیان و کۆك نەبوون لەسەر چەند ئاراستەیەکی دیاریکراو سەبارەت بەو بابەتـە کۆمەڵێك پرسیاری جددی بێنێتـە پێشـەوە، کـۆی گشـتی پسـپۆران و مامۆسـتایان و دامـەزراوە هونەرییـەکان وخودی فێرخوازانیش بکەونە جۆرێك لە شـەلەژان و رارایی لـە ئاست هاڵبـژاردن و پێڕەو کردنـی کام میتـۆد بـۆ فێربـوون!! .

میتـۆدی نووسـراو بـۆ کاری فێرکاریـو مەشـق و راهێنـان لەبـەر ئـەوەی پەیوەسـتە بـە بنەمـا سـەرەتاییەکانی زنسـتیانەی مەشـق وراهێنـان بۆپـەروەردەو فێرکردن،کارێکـە تابلێـی هەسـتیارو ئالـۆزە. ئـەوەی سـەبارەت بەهەوڵەکانـی میتـۆدی عـود لەجیهانـی عەرەبیـدا ئامـاژەی پێکـراوە ڕەنگـە

---

١- نظال عبیدات، کلیة الفنون الجمیلة، جامعة الیرموك، اربد، الأردن. تۆری ئەنتەرنێت .

گرنگتریـن میتـۆدەکان بـن نـەوەك هەمـووی، دیـارە سـەرەرای دەوڵەمەنـدی و بایەخـی گـەورەی ئـەو میتۆدانـە، بـەڵام ئـەوەش وەك بابەتـی ئامێری بـاش و باشـتر، لـە گیـرو گرفـت و رەخنـەی زانسـتی بـەدەر نەبـووە.

سـەبارەت بەهەوڵـە سـەرەتاییەکانی سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم، نووسـەرێکی عەرەبـی سـوری بۆدەربازبـوون لەهەژمـوون وکاریگـەری شـێوازە تورکیـەکان دانانـی میتـۆدو پرۆگرامـی ئامێرەرۆژهەلاتیـەکان بەگشـتی وعودبەتایبەتـی دەڵێت:(ئـەو میتۆدانـە بەگشـتی جیاوازیەکـی ئەوەتـۆ لـە نێوانیانـدا نییـە، پرۆگرامێکـن پڕلـە کـەم وکوورتـی، لەبـەر ئـەوەی میتۆدێکـن تەنیـا بـۆ فێربوونـی ژەنییـن، نـەوەك دروسـتکردنی ژەنیارێکـی داهێنـەر)[1].

**میتۆدی عود لە میصر:**

توێـژەرو موزیـککاری میصـری تـارق عەبدوڵـلا سـەبارەت بـە هەوڵـەکان بـۆ نووسـین و دنـراوەی موزیـك و دانانـی میتـۆد لـە میصـر دەڵێـت: (سـەدەی بیسـتەم کەرێککەوتـە لەگـەڵ سـەرەتاکانی تۆمارکـردن (١٩٠٤) ژمارەیەکـی زۆری لـە دانراوەی تیـووری بەخۆیـەوە بینی،کە پێگـەو رۆلـی ئامێـری عـودی گێڕایـەوە وەك ئامێرێکـی سـەرەکی و کاریگـەر، لەوانـەش :

- صفـاء الأوقـات فـی علـم النغمـات" لدرویـش محمـد (١٩٠٢) .
- "نیـل الأرب فـی موسـیقی الافرنـج والعـرب" لأحمـد أمیـن الدیـك،
- "تحفـه الموعـود بتعلیـم العـود" لمحمـد ژاکـر بـك الـژی یعـد أول منهـج للعـود (١٩٠٣).
- کتـاب الموسـیقی الشـرقی لکامـل الخلعـی (١٩٠٤)[2] .

جگـە لـەو ناوانـەی ئـەو توێـژەرە باسـی کـردوون، ئـەو میتۆدانـەش بـۆ ئامێـری عـود لـە میصـر چـاپ و بڵاوکراونەتـەوە :

- (راهێنانەکانـی ئامێـری عـود) دانانـی، حۆریـە عەزمـی، جۆرج میشـێل، جومعە محەمـەد عەلـی. چـوار بـەرگ .سـالی ١٩٧٦.
- ( ماموسـتای موزیـك) دانانـی عەبدولمونعیم عەرەفـە سـالی ١٩٩٤.
- ( راهێنانـە سـەرەکیەکانی ئامێری عـود) دانانی ئەنعام لبیب، ئەلفرێد جەمیـل ١٩٩٣.

**میتۆدی عود لە لوبنان :**

شـەربل روحانـا کەیەکێکـە لـە وژەنیارانـەی عـود

---

١- صمیم شریف : الموسیقی فی سوریا .ص ٦١. سنة الطبع ١٩٩١. دمشق .
٢- طارق عبد الله .فن العود خلال عصر النهضة علی ضوء الأسطوانة : www.amar-foundation.org.
٣- الموسیقانا العربیة اسئلة الاصالة والتجدید . مرکز دراسات الوحدة العربیة . بیروت ٢٠٠٤ .

لـه لوبنـان، خاوەنـی میتـۆدی فێـرکاری ئامێـری عـودە،وەك خۆی لەگفتۆگۆیەکی کراوەدا ئاماژەی پێکـردووە لـە سـەرەتای نـەوەدەکان هەسـتی بـە بوونـی جـۆرە بـۆ شـاییەك و کـەم و کورتیەکانـی ئـەو بابەتـە کردووە،بۆیـە کاری لەسـەر ئامادەکـردن و نووسینی میتۆدێك بۆ ئامێری عـود کـردووە و مـاوەی حـەوت سالیش لـە کۆنسـەرفەتواری لوبنـان خوێنـدراوە، دواتـر بـە کۆمەڵێك هـۆکار ئـەو میتـۆدە وەلا نـراوەو پشتی پێ نـە بـە ستراوە . وەك خـۆی دەڵێت میتۆدەکە لەلایـەن کۆمەڵێك لـە ماموستایان بـە بابەتێکـی وشـك ودوورلـە موزیکـی عەرەبـی و ڕۆژهەلاتـی نـاوزەد کـراوە، بۆیـە دواتـر لـە سـاڵی ٢٠٠٢ میتۆدەکـەم بـە شێوازێکی جیاواز دارشتەوە)[٣].

بـەڵام پێـش میتۆدەکـەی شـەربل لەلایـەن چەنـد ژەنیارێکـی دیکـەی لوبنانیـەوە میتـۆدی تایبـەت بـە عـود دانـراوەو بڵاوکراوەتـەوە :

- ڕاهێنـان و موزیـك بـۆ ئامێـری عـود دانانـی جـۆرج فـەرەح .
- إبراهیم علی درویش المصری، تعلیم ودراسە العود،دار الشرق العربی، بیروت لبنـان .
- جوزیف فاخوری، تعلم العود دون المعلم،المکتبە الحدیپە للگباعە والنشر، بیروت .

**میتۆدی عود لە وڵاتی تورکیا:**

خاوەن توێژینـەوەی (فێربوونـی عـودو شێوازەکانی لـە قوتابخانـەی تورکـی (هالوکـی وکلـی) لـە پێشـەکی توێژینەوەکەیدا کەدێتەسەر لایەنی مێژووی شـێوازوراهێنان وەك ئاماژەیـەك بـەو مێژووەبـاس لەورێبازوشـێوازەدەکات کـە بۆعودژەنیـن پەیـرەو کراوەلەلایـەن (حافزموحەمـەد موالیمـی وسـاڵی (١٩١٠ ) لەلایـەن عەلـی سالاهی بیـك)[٤] بـووە.

لەو توێژینەوەیەداکەساڵی (٢٠١٧)لەتورکیا ئەنجامـدراوە، سـەبارەت بەوقوتابخانـەو میتۆدانـەی کە وەك توێژەر باسیان دەکات، لـە تورکیـادا ڕۆلیان بـووە لـە فێرکاری عـود لـە موزیکـی تورکیـدا ئـەم ناوانـەن :

- علی صلاحی بك،
- سینوسن تانکورور عود میتۆد.
- موتلو تورون عود میتۆد.
- شریف محی الدین تارجان عود میتۆد .
- ڕێبازی ئونور ئاکدوس بۆ عود،
- ڕێبازی غولشین یەحیا بۆ عود .
- ڕێبازی ئورئاکادی بۆ عود .

---

٤- http : // www.idildergisi.com/makale/pdf ١٤٩٤٥٨١٩٤٣/ pd .

# میتۆدی عود لە عێراق و باشوری کوردستان

لە دوای سالانی بیستەکان و سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم دوای بەستنی یەکەم گۆنگرەی تایبەت بە موزیك لە سالّی ١٩٣٢ لە قاهیرە،هەولّ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێك پەیمانگەی هونەریی دراوە لە ولاتانی عەرەبیدا، یەکێك لەو وولاتانە عێراق بوو کە لە رێگەی بانگهێشتکردنی (شەریف محیەدین تەرجان ١٨٩٢-١٩٦٧)[١] لە ولاتی تورکیا، چیرۆکی خزمەتکردنەکانی ئەو هەونەرمەندە پایە بەرزەو پێگەیاندنی کۆمەڵێك ژەنیار لە ماوەی سەر پەرشتی کردنی بە شی موزیك لەلایەن هەمووان روون و ئاشکرایەو لە زۆر شوێن باسی لێوە کراوە.

یەکێك لە ناودارەکانی عود ژەنین لەعێراق هونەرمەند (جەمیل بەشیر)ە، ئەو ژەنیارە جگە لە پێشکەش کردنی دەیان شاکاری هونەری جوان و بە پێز، لە دوای مامۆستاکەی، بە دانانی (میتۆدە) ناودارەکەی (فێرکاری عود) رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە سەرەتاکانی بونیادنان وپەرەسەندنی ئەوەی ناوزەدکراوە بە(قوتابخانەی عودلەعێراق).

ئەو کاروانەی عود ژەنین کە لە دوای شەریف محیەدین لەعێراق بەردەوام بوو تائەمرۆش نەوەستاوەو،دەیان ژەنیاری بە توانای لەئاستی جیاجیاو شێوازی هەمەچەشن بەرهەمهێناوە. ئەگەرمیتۆدوشێوازەکەی(شەریف محی الدین) بەعێراقی ناوزەدبکرێت ئەوەلەگەڵ میتۆدەکەی(جەمیل بەشیر)دەبن بەدوو بنەماوسەرەتای دەستپێك بۆقوتابخانەی فێرکاری عودژەنیین.

دواترژەنیارانی وەك:(مونیرە شیرو سالم عبدالکریم وحاجی موعتز نەصیرشەممە) درێژەیان بە هەوڵەکاندا.

سەبارەت بە میتۆدی فێرکاری عود ژەنین لەکوردستان بەگشتی و باشوور بەتایبەتی،سالانێکە گرنگی بە ژەنین وکاری فێرکاری ئامێری عوددەدرێت،تاکو سالانێك بەرلە ئەمرۆ تاکەسەرچاوە میتۆدەکەی(جمیل بەشیر)بووە بۆ ژەنیارانی عود، بۆ سوود وەرگرتن و کاری فێرکاری، بەدەر لەوە بەداخەوە شتێکمان نەبووە وەك میتۆدو سەرچاوەی زانستی جگە لەسووکە هەولێکی ئەم دواییەی برای ژەنیار(تواناخورشید)تاکوئەمرۆلەو بارەیەوە خاوەن هیچ سەرچاوەیەك وجۆرە پرۆگرامێکی ئەکادیمی نیین.

مایەی خۆشحالیە لەئان وساتی نووسینی ئەو توێژینەوەیەدا،بۆ یەکمجارەلە هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرپەرشتیاری ئەو توێژینەوەیە مامۆستا (ئامانج غازی )هەولێکی جددی لە ئارادایە بۆ دانان و پێکەوە نانی میتۆدێکی زانستی تایبەت بە ئامێری عود بۆ فێرخوازان و ژەنیارانی کوردستان بەناوی (میتۆدی عود بۆ ژەنیاران)[٢] وەك بە شێك لە هەولّە زانستی و پەروەردەییەکان بە ئاراستەی خزمەتکردن بە بواری پەروەردەی زانستیی موزیك لە کوردستان.

---

١- .www.sama٣y.net/forum/showthread

٢- . ئامانج غازی . میتۆدی عود بۆ ژەنیاران . دەستنووس

١

## تمرين للضرب على آلة العود
## (يعقوب بن إسحاق الكندي)



یەکێك لە کۆنترین ئەو راهێنانانەی کە مێژونووسان بۆ کندی دەگێڕنەوە کە بۆئامێری ( عود ) دانراوە[١]

١- الكندي وألة العود مهدى كمون مجلة الحياة الموسيقية عدد ٥٤ .سوريا .

# عود و قوتابخانەو شێوازەکانی ژەنیین

لە پاڵ شێوازو قوتابخانەی عێراقی بۆ عود ژەنیین باس لە شێوازو قوتابخانەی (تورکی،مصری، سوری،لوبنان) یش دەکرێت،دیارە ئەگەر بازنەی جوگرافیای ئەو بابەتە فراوانتر بکرێت و بەرەهایی باس لەقوتابخانەکانی ژەنیین بکەین لەرۆژهەلات بەگشتی،رەنگەپێویست بەتوێژینەوەیتایبەت بکات،ئەوکات پێویست بەوەدەبێت هەڵوەستە لەسەرهەریەك لەقوتابخانەو شێوازی ژەنینی وولاتانی( تورکیا،ئێران،ئەرمینیا، یۆنان)یش بکرێت چ جای وولاتانی رۆژئاوا !

تێبینی دەکرێت لە قۆناغی پێش دروستبوونی قوتابخانەی عود ژەنین لە سەر دەستی شەریف محیەددین لەعێراق، ئەوئامێرەو ژەنیارەکانی لە چوارچێوەو سنوورێکی دیاریکراودا خولاوبنەتەوەو، زیاتر وابەستەی دەنگبێژان و ئەومیلۆدیومۆزیکانە بووبن کە سنووردداربوون، مۆزیکێك بووە بەگشتی بۆئامێرە رۆژهەلاتیەکان ئامادە کرابوون وبەیەکەوە دەژەندران، وەك (موشەحات و بەشرەف و لونگاو سەماعیات و دۆر، هتد).

بۆیە ژەنیارانی عود لەو قۆناغەدا پێویستیان بەوە نەبوو بیر لە بەرفراوان کردنی مەودای دەنگی ئامێرەکەو بەکار هێنانی تەکنیکی زیاتر بکەنەوە، لە وەسفی هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی ژەنین وستایلی ئەوقۆناغەدا دەتوانین بلێین: ژەنیاران وخودی ئامێری عود سالانێکی دوورو درێژکەوتبوونە ژێر هەژموون وکاریگەریەکانی دەرەوەی خۆیان.بەوەش تایبەتمەندی عودوژەنیارە بەتواناکانی لەبۆتەو ستایلی رەوشێکی زال وبەرفراوانتردا گەمارۆدرابوون ودەرفەت و ئاسۆی خستنە رووی تواناکانیان بە روودا داخرابوو .

بۆ ئەوەی جوانتر رەوشی گشتی دروستبوونی قوتابخانە و شێوازەکانی ژەنینی ئامێری عود لە جیهانی عەرەبی و دەوروبەری وینا بکەین، پێویستمان بەجۆرێك لەپۆلێن بەندی دەبێت بۆ دابەش کردنی بە سێ قۆناغی جیاواز بەو شێوەی خوارەوە :

**قۆناغی یەکەم :** قۆناغی سەرەتایی و وابەستە بوون .

سەرەرای بوونی تایبەتمەندی نێوان هەموو میللەتانی رۆژهەلات لە شێوازو مورکی تایبەت بەخۆیان، بەلام لەبەر ئەوەی عود و زۆربەی ئامێرە رۆژهەلاتیەکان لە مێژووی نزیك و سەد ساڵی رابردوودا لەلای زۆربەی میللەتانی ناوچەکە وابەستەی دەنگی (گۆرانی و گۆرانی بێژ) و هەموو ئەو فۆم و شێوازە باوانەی رۆژهەلاتی وەك ( بەشرەف و لونگاو سەماعی دۆر و.... هتد ) کرابوو بۆیە دەکرێت بلێن لەو قۆناغەدا وەك زۆربەی ئامێرە رۆژهەلاتیەکان ئامێری عود وەك ئامێرێکی سادەی مۆزیکی و هاوشانی کردن دەبیسترا . (لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند نموونەیەك وەك شاهید حاڵی ئەو سێ قۆناغە دەخینە روو).

**قۆناغی دووەم :** قۆناغی وەرچەرخان و ناسنامە .

ئەو وەرچەرخانەی لەسەردەستی شەریف محی الدین لەعێراق بۆمۆزیك بەگشتی و ژەنیارانی عود هاتە پێشەوە، بوو بە بنەماو سەرەتای بونیاد نانی قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ دەرکەوتنی ستایل و شێوازێکی جیاوازی عود ژەنین،جیاواتر لە زۆر بەی ولاتانی عەرەبی وناوچەی رۆژهەلات. هۆکاری سەرەکیش بۆ تواناکانی شەریف محی الدین و ئەو بنەما تیۆریانە دەگەرێتەوە کە پشتی پێ بە ستوون بۆ پەروەردەو فێرکاری ژەنیارەکانی ئەو سەردەمە،کە خۆیان لە دارشتنی راهێنانەکان و دیارکردنی شوێنی پەنجەو بەکار هێنانەکانی ریشەو هەموو تەکنیکە هەمەجۆرەکانی ژەنیین دەگرێتەوە.

ئەوی خوارەوە ناوی قوتابیە پێشەنگەکانی دەرچووی

ژەنیاری عـوده لـە سـەر دەسـتی شـەریف محیەدیـن لـە عێـراق :

**خوولـی یەکـەم:** سـاڵی ١٩٤٣، جەمیـل بەشـیر و سـرکیس ئـاروش .

**خوولی دووەم :** ساڵی ١٩٤٤، سەلمان شوکر

**خووڵی سێیەم :** ١٩٤٥، مونیر بەشیر .

**خووڵـی چـوارەم :** ١٩٤٦، غانـم حـەداد، عـادل ئەمیـن خاکـی .

**خوولی پێنجەم :** ١٩٤٧ سالم عبدالله زیاب،محمد یاسین عبدالقـادر .

**خووڵی شەشـەم :** ١٩٤٩، یعقـوب یوسـف، نـازك الملائکـە، خلیـل ابراهیم،فـوزی یاسـین)[1] .

بۆبـەر چـاو روونـی زیاتـر دەکرێـت بـەو شـێوەی خـوارەوە جۆرێك لەپۆلێنکردن و گروپبەنـدی دوور لـە هەڵسـەنگاندن و لـە قالبدانـی بـۆ بکرێـت :-

**گروپـی یەکـەم:** کەلـە سـەرەتای پەنجـاکان تـا کۆتایـی حەفتـاکان و سـەرەتای هەشـتاکان (جەمیـل و مونیربـە شـیرو، سـلمان شـوکر،حاجی موعتـەز، غانـم حـداد، روحـی خمـاش ).هەرچەنـد (روحـی خەمـاش) سـەرچاوەی فێربـوون و دەرکەوتنـی لەسـوریاو فەلەسـتین میسـربووە بـەڵام زیاتـر لەعێـراق دەرکەوتـوو تواناکانـی لەبـواری ژەنییـن و پـەروەردە درەوشـایەوە .

گروپی دووەم :کە بە ستایل وشێوازی جیاواز دەرکەوتوون، ناودارەکانی وەك (سالم عبدالکریم و عەلی ئیمام ).

**گروپـی سـێیەم:** لـە ناوەراسـت و کۆتایـی هەشـتاکان دەرکەوتـوون، هەریـەك لە(نەسـیر شـەممە خالـد محەمـەد عەلـی وعومـەر بەشـیر) کۆمەڵێـك نـاوی دیکەن،کـە خـاوەن تەکنیـك و شـێوازێکی جیـاوازن لـە دانـان وژەنینـی عـوددا. دواجار ئـەو شێوازەی ژەنینی ئامێری عـود لـە قوتابخانـەی عێراق،لەسـەرەتاو ناوەراسـتی نـەوەدەکان لـە زۆربـەی وولاتانـی عەرەبیـدا پێشـوازی بەرفراوانتـری لێکـرا. ئێسـتاش وەك حاڵەتێکـی سـەربەخۆ لـە گەشـەکردندی بـەردەوام دایـە، دیـارە هـۆکار گەلێـك هـەن پێویسـتە لـە شـوێنتردا باسـی لێـوە بکرێـت.

**قۆناغی سێیەم :** ئاراستەی جیاوازو تەکنیکی بەرز .

ئـەو دەسـتپێکە لـە ئاراسـتەی جیـاواز لـە تکنیکـی بـەرزو شێوازی هەمەچەشـنەی ژەنیـن بـۆ ئامێـری عـود، تایبـەت لـە عێـراق و ناوچەکـە بـە گشـتی لـە کۆتایـی سـالانی هەشـتاکان و سـەرتاکانی ١٩٩٠ بە دواوە کە هاوکاتە لەگەڵ کرانـەوەی ناوچەکە بە سەر جیهانی دەرەوەدا هاتۆتە ئاراوە، کـە هاوشـانە لەگـەڵ رەوشـی تـازەی بـة جیهانیبـوون.

دەتوانیـن بڵێیـن کۆمەڵێـك ژەنیـای نـاوداری عێراقـی و وولاتانـی دیکـە کـە ئەمـرۆ لـە گۆرەپانـی هونەریـدا بڵاوبوونەتـەوە بەشـێوازو فۆرمـە کانیـان لـە رێگـەی (کۆنسـێرتی تـاك ژەنـی ) سـەر شـانۆکان و فیسـتڤاڵەکان بەوئاراسـتە زۆرو جیاوازانەیـان لەپـاڵ کۆمەڵێـك ژەنیـاری دیکـەی (میصـرو لوبنـان و سـوریا، تورکیـا، تونـس) بوونـە بـە دیاردەیەکـی تـازە لـە جیهانـی تایبەتـی عـود ژەنینـدا . لـەوێ رۆژێـوە بابـەت گەلـی تـازەی وەك ( موزیکـی تـازە، سـەماعیاتی تـازە، تەکنیکـی تـازە، بەکارهێنانـی شێوازەکانی ریشـە، دروسـتکردنی عـودی تـازە، وورد کاریەکانـی پەنجـە دانـان و گواسـتنەوەی پەنجـە، کـۆرد ژەنین،دەبـل سـتۆپ،لە تـەك بەکارهێنانـی زۆرێـك لـە هێماکانـی دەربڕیـن و گوزارشت و جوانکاری کە پێشووتر لە ژەنینی ئامێرەکانی تـردا بەکارهاتـوون). هەمـوو ئەمانـە تاکـژەن وسۆلیسـتە بەتواناکانـی ئامێـری عودیـان لەمرۆداخسـتۆتە چەندریانێـك، بەدوورنابیندرێـت لەئاینـدە ئەوئاراسـتەیە پتربـڵاو بێتـەوەو بابەتگـەڵ و دەرهاوێشـتەی دیکـەی لێبکەوێتـەوە.

---

١- حبیب ظاهر العباس: الشریف محي الدین حیدر وتلامیذتە . دراسة، مدونات، تحلیل، بغداد ١٩٩٤.

# ژەنیارو کوالێتی ئامێر

کە باس لەژەنیارە بە تواناکانی ئامێری عود دەکرێت ئەوناوانە هەر یەکێکیان لە قۆناغێك و زەمەنێکی دیاریکراو سەرمەشقی ئەو بوارە بووینە بۆیە لە تۆماری مێژوودا ئاماژەیان پێدەکرێت،دڵنیام لە هەموو سەردەمەکاندا هەمیشە خودی ئەو تاکانە خۆیان، لە هەوڵی جددی بێوچاندا بووینە بۆنمایشکردن وپێشکەش کردنی جوانترین تۆنی موزیك و رازاوە ترین لەرەی دەنگ لەرێگەی ئامێرە کانیانەوە .بۆیەش وەك لەباسە مێژوویەکاندا هاتووە بە شێکی زۆر لەو ژەنیارانە هەمیشەو بەردەوام بە دوای ئامێری باش و باشتردا گەراون،دیارە چەندین نموونە لەو بوارەدا هەن سەبارەت بە ژەنیارانی عود کە چۆن هاوکارو هەماهەنگ بوونە لەگەڵ وەستاو کارناسانی بواری ئامێرسازی و وەستاکانی عود . کۆنترین نموونەیان ئەوەی زریابە کاتێك لە حزووری هاروونە رەشیددا عودەکەی خۆی بەکار دێنێت ورەتیدەکاتەوە عودی مامۆستاکەی بەکاربێنێت،پێش ئەوەی دەستبکات بەژەنین باسی هەندێك لایەنی باشی ئامێرەکەی دەکات لەباری پێکهاتەکەیەوە. لەسەردەمی نوێشدا ئەو هەماهەنگیە لە نێوان وەستا دەست رەنگینەکانی عودو کۆمەڵێك ژەنیاری عود بوونە بە چیروك کە لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەندێکیان دەکەین: (قەسەبچی) لەگەل هەردوو وەستای عود (عبد العزیز اللیثی و الحفناوی الکبیر)[1] ،(شەریف محی الدین )لەگەڵ وەستاکانی عود لە تورکیا، (جمیل وسەلمان شوکر) لە گەڵ وەستا (عەلی ئەلیاس عەلی خان بابا (١٩٠٤-١٩٦٠) وکورەکەی (محەمەد عەلی(١٩٣٠-٢٠٠٢)،(مونیربەشیرو روحی خەماش و غانم حداد) لەگەڵ حەننا عەواد ومحەمەد فازل و کورەکانی)[2] (سالم عبدالکریم )لەگەڵ فایق محەمەدی کوری محەمەد فازل.. هتد .

بە پێویستی نازانین بگەرێنەوە سەرمێژووی کۆن و دیرینی پیشەسازی دروستکردنی ئامێری عود و ئەو هەموو بابەتانەی کە پەیوەستە بەو هەموو هەورازو نشێوانەی پەیوەست بە هەر یەك لە ( گەورەو بچووکی، جۆری دار، ژمارەی تەلیشە و، کاسەو، مل و، جۆری ریشە، جۆری ژێیەکان، نایلۆن و تێل، ئەندازە و میانەی زانستی ئەو بەشانەی هەر ئامێرێك ) لە پاڵ کۆمەڵێك وردەکاری دروستکردنی ئامێرەکە بۆ ئەوەی دواجار تۆن و دەنگێك بە دەستەوە بدات کە لە باری رەنگی دەنگ و لەرە لەرەی فیزیکیەوە زانستی و تەواو گونجاو بێت ...

لەلای زانای بەناوبانگ (کندی ) ئامێری عود سێ رەهەندی گرنگی هەیە، لە نامەکەی تایبەت تایبەت بە عوددا باسی کردوون کە ئەمانەن:

یەکەم : پیشە سازی دروستکردنی عود، کە لەژێرناونیشانی،قسەیەك لە بابەت پێکهاتەی عوددا باسی کردووە .

---

١- www.amar-foundation.org

٢- حبیب ظاهر عباس ، الموسیقار روحي الخماش وتأثیره في الموسیقی العراقیة .١٩٩٩، بغداد الطبعه الاولی .

دووەم : جێپەنجەکانی ئامێری عود ( دساتين الـعود )، کە لە ژێر ناونیشانی زانست و زانیاری سەبارەت بە ئاوازو ژێیەکاندا،باسی لێوەکردووە .

سێیەم : خوێندن و فێرکاری ئامێری عود، کە لە ژێر ناونیشانی لەمەر وەرزشی هەردوو دەستدا شرۆڤەی کردووە)[1]

یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی پیشەسازی دروستکردنی ئامێرە موزیکیەکان بوونی ستاندارت و ئەندازەی زانستیە بۆ بەش و پێکهاتەکان و گەورەو بچووکی و درێژوو کورتی بەشەکانی،کەدواجارجێپەنجەو نەخشیان دەبێت لەرەنگ وئۆکستیکی دەنگدا، هەمووئەمانەش بەیەکەوە کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لە دروستبوونی قوتابخانەو ناساینەوەو موڵکداریەتی ئەو شوێنانەی کە بەرهەمیان هێناوەو بەو ستاندارتەوە میتۆدی بۆ دادەرێژن و کاری لەسەر دەکەن .

ئەو ناجێگیریە لە ستاندارتی پیشەسازی دروستکردنی ئامێری عود یەکێکە لە گرفتەکان و هێشتا یەکلای نەبۆتەوە.لەباسێکی تایبەت بەئەندازەی کورت ودرێژیژێیەکانی عود(محمد فواد) دەڵێت:ئەگەرئامێرە رۆژهەلاتیەکانمان وەکو رۆژئاوائەندازەو پێوەرێکی دیاریکراویان هەبوایە، هەموومۆزیکژەنەکانمان شارازایی تەواویان دەبوو لەمەرپێکهاتەی پەیژەی موزیکیی وریژەیی دووریان لەیەکترەوە،لەسەر ئەو ئامێرەی کە دەیژەنێت).[2]

هەربۆیە تاکوئەمرۆ لە زۆر لاوە لەناوەندەکانی زانستی توێژینەوەو راپۆرت ئامادە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی زانستی لەو بارەیەوە .

بۆ ئەو مەبەستە لەبەشی موزیکی زانکۆی تاران،لەلایەن(مسعود خیفی ومیترا جاهاندیهی و شەهاب خیفی )وە توێژینەوەیەك ئەنجامدراوە وکەتێیدا رێوشوێن و رێگای تازە گیراوەتە بەر بۆ دیزاینکردنی عود تایبەت لە باری دەنگەوە )[3] .

لەمێژووی ناوچەکەدا درووست لە دووسەدەی رابردودا وەستای دەست رەنگینەکانی ئامێری عود رۆلی گەورەیان بینیوە لە پیشە سازی دروستکردنی عوددا، شایانی وتنە وەستاکانی کۆن لەسەرەتا گرنگیان بە ناونیسنی خۆیان و ساڵی دروستکردنی ئامێرەکانیان نەداوە، ئەو بابەتی ناونسین و بەروارو ژمارەی ئامێرو شوێنی دروستکردن لەسەر ئامێری عود لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمە بوو بە عادەت و هاتەناوەوە.. ....بۆخوێندنەوەو شارەزا بوون سەبارەت بە مێژووی ئامێرە کۆنەکانی عود و وەستاکان لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا باشترین سەرچاوە ماڵپەڕی ( هجرات العود Oudmigrations ) ە .

(حەنا عەواد)[4] ی موصلاوی یەکەم کەس

---

١- مجلة الحياة الموسيقية عدد ٥٤ لسنة ٢٠٠٦، ص ٤٣ .

٢- محمد فؤاد محفوظ، تعليم الموسيقى الشرقيه،مطبعة الترقي دمشق ١٩٣٥.

٣- https://www.researchgate.net

٤- ايام بغداد ، وثائق ومحاضرات المؤتمر الدولي الثاني للموسيقى ١٩٧٨ .

بووە لە مێژووی نوێدا لەساڵی( ١٨٩٠ ) یەکەم عودی دروست کردووە.دواتر لە عێراق کۆمەڵێك وەستای ناوداری ئامێری عود پەیدا بوون وەك: (محمد فازل عەواد،علی العجمی، علوان صالح، سلمان جورج .

دیارە مێژووی دروستکردنی کۆنترین ئامێری عود لە سەدەکانی (هەژدە و نۆزدەو بیست ) دا لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیاو ئێران وناوچەکە بەگشتی، لەگەڵ کۆمەڵێك پرسی دیکە پێویستیان بە دەیان توێژینەوەی تایبەت هەیە بۆ ساغکردنەوەوخستنە رووی مێژووی دروستی ئەو پرسە .

**ئایە عود ئامێرێکی سنووردارە؟**

دانەرو ژەنیاری ناوداری عود (خالید موحەمەد عەلی) لەنووسینێك بەناوی(عودو تەکنیکی سەردم)[1] دەڵێت (ئامێری عود بە بەراوورد لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەی و (کەمان وچەلۆ گیتار)ئامێرێکی سنووردارە لە باری تەکنیکەوە. ئەو پێیوایە ئامێرەکانی دیکە لە باری پیشەسازی دروستکردن نموونەیین و خاوەنی ئەندازەو قەبارەی جێگیرو نەگۆڕن لە هەموو جیهاندا،ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لەڕێگەی میتۆدە تایبەتەکانیان لە قوتابخانەی جیاجیا بە درێژای سەدان ساڵ بگەن بەو ئاستە لە ژەنین و تەکنیکی ئەو ئامێرانە ) .

نووسەر بە ردەوام دەبێت و سەبارەت بە ئامێری عود دەڵێت : (بەلام ئامێری عود هیچ قەبارەو ئەندازەی جێگیری نییە، هەر وەستایەو بە ئەندازەیەك دروستی دەکات، هەروا ئەو ئامێرە بە شێوازی هەمەجۆر کوك دەکرێت لە و ولاتانەی کە بەکار دەهێندرێت،هەموو ئەو میتۆدانەش بۆ فێرکاری لە توانای تاکە کەسی مامۆستا گەورەکان و ئەزموونە کانی ئەوان وبە گوێرەی خوێندن لە ولاتەکانی خۆیان لە باری تەکنیك و ژەنینەوە ئەو میتۆدانەیان دارشتووە، بەو پێیەی کە من ژەنیاری( کەمان و عود )م وای دەبینم کە ئامێری عود ئامێرێکی سنووردارە لە باری تەکنیکەوە، بە بەراوورد لەگەڵ کەمان و گیتارو ئەوانی دیکە ) .

نووسەرو ژەنیاری بە توانای عود بەردەوام دەبێت و دەنووسێت ( ئەگەر عودەکە پێنج جووتە ژێی پێوە بوو دەتوانیین لە نێوان دوو ئوکتاف و نیودا بیژەنین، ئەگەر ژەنیارەکە هەوڵبدات لەو میانە زیاتر بژەنێت دەنگی ئامێرەکە دەستدەکات بە خنە خن و خنکانی دەنگ و کزولاوازی و گۆرانکار لە خامەی دەنگ پەیدا دەبێت، هەروەك ئەوەی گوزارا بیتەوە بۆ سەر ژەنینی ئامێرێکی جیاوز. هۆکارەکەش بۆ زیادەرۆیی شوینپەنجەکانی ژەنین دەگەڕێتەوە،لە پاڵ بوونی هەندێك هەڵە لە زانستی فیزیکی دەنگ لە دروستکردنی ئامێری عوددا ).

---

١- خالد محمد علي ، العود والتكنيك المعاصر ، https://www.google.com .

# تویژینەوەکانی تر

بەپێی ئاگاداربوونمان جگەلە تێزونامەی دکتۆراکەی ژەنیاری عود بەڕێز (جەنگی جەلال)، سەبارەت بە میتۆدەکانی فێرکاری عود ژەنین بە زمانی کوردی تا ئێستا هیچ جۆرە راپۆرتێك و تویژینەوەو نامەیەکی ماستەرو دکتۆرام نە بینیوە،بەڵام بە زمانی عەرەبی لە گۆشەنیگای جیاوزو بە ناونیشانی جیاواز، نامەی ماستەرودکتۆرای زۆر هەن باس لەمیتۆدەکانی عود دەکات.لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك ناونیشان دەکەین کە لەو بوارەدا ئەنجامدراون،هەریەك لەو تویژینەوانە بەراستەوخۆ یان ناراستەو خۆ پە یوەندیان بە تویژینەوەکەی ئێمەوە هەیە:

- المدارس المختلفه لآله العود فی مصر فی القرن العشرین . علی حمیده عبدالغنی.
- تطویر العود - المشاکل والحلول . محمد عبدالهادی دبیان.
- اتجاهات فی الموسیقی المصریه المعاصره . زین العابدین نصار.
- دراسه مقارنه لأسالیب عزف العود بین مصر والعراق . احمد مصطفی سالم .
- دراسه مقارنه لأهم أسالیب العزف علی العود فی مصر وترکیا فی النصف الثانی من القرن العشرین . حسام صلاح عبدالجبار بدوی.
- التقنیات الحدیثة فی العزف علی العود فی الربع الأخیر من القرن العشرین والاستفاده منها لطلاب الکلیات المتخصصه . میاده نبیل محمود الکتاتنی.
- أسلوب جورج میشیل فی العزف علی أله العود . ماری البیر میشیل نخله .
- أسلوب العزف علی أله العود الأوروبی وإمکانیه الاستفاده منها فی العزف علی العود العربی . گارق سمیر محمد امین
- إدخال بعچ التعدیلات علی أله العود لزیاده إمکانیه الآله. میرال محمود شفیع بدران.
- دراسه مقارنه للأوضاع المختلفه المستخدمه فی العزف علی ئله العود عند العازفین فی مصر. عاطف امام فهمی )[1] .
- (نضال عبیدات ) ( تمارین مقترحه للتغلب علی صعوبات العزف علی لة العود لدی الطلبة المبتدئین في قسم الموسیقا/ الیرموك جامعة . تویژەرو موزیکاری کورد خوالیخۆش بوو

---

١- جه نکی جلال حسن، المهارات العزفیة علی ألة العود فی بعض بلدان الشرق الأوسط ، دراسة مقارنة جامعة الإسکندریة، دکتوراه الفلسفة، رسالة اکادیمیة غیر منشورة .

(موهەیمەن ئیبراهیم جزراوی ) لە نووسینییك بەناوی (الموسیقار زریاب ودوره فی تطویر الموسیقی والغناء العباسی ) لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (ثقافتنا) سەربە وەزارەتی رۆشنبیری عێراق –ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوكراوەتەوە، بەپشت بەستن بە توێژینەوەو سەرچاوەی باوەڕ پێكرا كورد بوونی زریاب و كۆمەڵێك زانیاری خستۆتە روو .

* لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێبەستراوە بۆ وەرگرتنی زانیارییەكان زمان و سەرچاوەی عەرەبین، بۆیە دڵنیام بۆ هەربڕگەو بابەتێكی ئەو توێژینەوە یە زانیاری گرنگ و هەمەجۆری دیكە هەن بۆ دەوڵەمەند كردنی بابەتەكە لە چاپ و بڵاوكراوەكان بە زبانەكانی دیكەی وەك: توركی و فارسی و ئینگلیزی فەرەنسی . هتد بۆیە دڵنیان زانیارییەكان بی كەموو كورتی نیین.

**ئامرازوپێداویستیەكانی توێژینەوە :**

بۆ شیكارورێكارەكانی شیكردنەوەی ئەو توێژینەوەیە ئەو ئامرازو پێداویستیانەی خوارەوە بەكار هاتوون :

- لاپیتۆپ : جۆری HP رامی ٨,٠٠ گێگابایت.
- سیستەم: bit٦٤ .
- ویندۆز: ٨,١- pro
- هێلی نەورۆز .newroz ٤G
- سیدی و كاسێت .
- تۆماری دەنگیی . جۆری ( سۆنی (sony

**كۆمەڵگەی توێژینەوە :**

بریتیە لە كۆمەڵگای موزیكی رۆژهەلاتی و جیهانی عەرەبی بەگشتی وعێراقی بەتایبەتی لە دوای دامەزراندنی پە یمانگەی هونەرە جوانەكانی بەغدا، ساڵی ١٩٣٦ بە دواوە تایبەت بە میتۆدو شێوازەكانی ژەنینی ئامێری عود لە عێراق.

**نموونەكانی توێژینەوە :**

**بەشی یەكەم :** موزیك و سەماعی فۆرمی رۆژهەلاتی : ئاوینەو رەنگرێژی قۆناغی یەكەمی عود ژەنین لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەلات .

١- بەشرەف راست تاتیوس ئە فەندی .

٢- سەماعی بە یات ئیبراهیم عوریان .

٣- لونگا نە هاوەند جەمیل بیك .

**بەشی دووەمی نموونەكان :** بە شێك لە دانراوەكانی قۆتابخانەی عود ژەنین لەعێرا ق. كە بەسەر دوو گروپ دابەشكراوە .

**گروپی یەكەم :**

٤- شەریف محی الدین حەیدەر : سەماعی نەهاوەند.

٥- جەمیل بەشیر : سەماعی نەهاوەند .

٦- مونیر بەشیرسەماعی نەهاوەند .

**گروپی دووەم :**

٧ - رباعی الە العود : سالم عبدالكریم (چوارینەی عود).

٨ - الاوتار الحائرة: خالد محمد عەلی (ژێیە راراكان ).

٩- للروح حدیث : نەصیر شمە .

# ئامێره كانی موزیک
# وفۆرمەكانی رۆژهەڵاتی نموونەكان دەدوێن

ئەونۆتـە موزیكیانـەی كـە لـە بەشـی یەكەمـدا هاتوون،چەند نموونەیەكی یەكجار كەمی ئەو كاروانە دوورو درێـژەی رێـرەوی موزیـك ودانـراوە كانـە كـە لـە قۆناغی یەكەمی پۆلێن بەندیەكەدا ئاماژەی پێكراوە. تایبەتر پەیوەستە بەو دانراوانەی كە جێپە نجەو مۆرك و شێوازەكانی ژەنینی كاركتەرەكانی عودژەنیین رۆلی بـالاو بەرچاویـان لـە بەرجەستەكردنیان بینیـووە .

هەریـەك لەنموونەكانـی (٣،٢،١) ئەوموزیكانـەن كـە زیاتربـە قالـب وفۆرمـی رۆژهەلاتـی نێـوان میللەتانـی ناوچەكـە ناوزەدكراون،گەرچـی لەمێـژووی نزیكـدا توركـەكان دەستپێشـخەر بووبـن لـە دانـان وگرنگـی پێدانیان،بەڵام دواتـر لـە دەرئەنجام بـوون بـە بەشێك لـە كلتـووری موزیكـی رۆژهـەلات و میللەتانـی دیكـەو جیهانـی عەرەبـی و ئیسـلامی، بۆیـە ئەودانراوانـە رۆل وجێپەنجەیـان دیارە لەجۆرێك لـە سـەپاندنی هەژمـوون و تایبەتمەنـدی خۆیـان بـە سـەر كـۆی گشـتی موزیكـی رۆژهەلاتـی ئەوناوچەیـەو، زۆرینـەی ئامێـرو ئامێرژەنـە رۆژهەلاتیـەكان كـەو توونەتـە ژێـر كاریگـەری هەژموونـی ئـەو فـۆرم و قالبانـەی ئـەو قۆناغـەوە. عـودو عـود ژەنەكانیـش لـەو چـوار چێوەیـە خولاونەتـەوە لـە و قۆناغـەدا.


توێـژەرو موزیـك ژەنـی میسـری لەتوێژینەوەیەكـدا بـە نـاوی( هونـەری عـود لـە سـەدەی بووژانـەوە لـە ژێـر رۆشـنای تۆمـاری دەنگـدا ) ئـەو بۆچوونـە پشـت راسـت دەكاتـەوە، كـە دیـارە وڵاتـی میسـر لـە هـەردوو سـەدەی نۆزدەهـەم سـەرتاكانی سـەدەی بیسـت پێشـەنگی بوژانـەوەو پێشـوە چوونـی هونـەرو ئـەدەب بـووە لـە جیهانـی ئیسـلامیدا )[1].

---

١- تۆمـاری تەختـی ئۆدیـۆن كـە لـە سـاڵی ١٩٠٤ بـۆ كۆمەلەیـەك لـە بـە شـارفی توركـی و میسـری ئەنجامـدراوە، بـە كۆنتریـن نموونـەی میسـری هەژمـار دەكرێـت بـۆ تـاك ژەنـی و هونـەری ئامێـری عـود .




نموونـەی ژمـارە (١): ئـەو بەشـرەفە یەکێکـە لـە موزیکـە زۆر باوەکانـی موزیکـی ڕۆژهەلاتـی و لەلایـەن کەمانجـە ژەنـی ئەرمەنـی (تاتیـوس ئەفەندی)یـەوە دانراوە،کەئاوازدانـەری نـاوداری عوسـمانی ناسـراوە .ئەوبەشـرەفەلە سـەرمەقامی ڕۆژهەلاتی(ڕاست)لەسـەر پلـەی سـۆل دانراوەبەئیقاعـی چوارچوار،لەخانـەی یەکـەم و تەسـلیم و خانـەی دووەم و سـێیەم وچـوارەم، پێکهاتووە،لـە خانـەی چـوارم ئیقـاع دەگۆڕێـت بـۆ شـەش هەشـت،بەلام ئـەوەی لێـرە بلاوکراوەتـەوە تـەواوی نۆتەکـە نییەخانـەی سـێیەم وچـوارەم لەلاپـەرەی دووەمـی نۆتەکەدایـە لەگـەل تـەواکاری خانـەی دووەم .




نموونەی ژمارە (٢): ئیبراهیم ئەحمەد یوسف،ناسراو بە عوریان (١٨٩٢-١٩٥٣)لە قاهیرە لەدایك بووە خاوەنی ژمارەیەك موزیكی بەناوبانگە،كە یەكێكیان سەماعی بە یاتە.ئەو سەماعی یەلە سەر (بەیات رێ )دانراوەو هەموو مەرج و بنەماكانی فۆرمی سەماعی تێدا بەرجەستە كراوە، وەك ئیقاعی دە لە سەرهەشت،خانەی یەكەم و تەسلیم و خانەی دووەم و سێیەم و چوارەم و گۆرانكاری لە ئیقاعی خانەی چوارەم .

جگە لە خانەی چوارەم هەموو خانەکان رستە موزیکیەکانیان لە پێنج بار پێکهاتووە،خانەی یەکەم تەسلیم لە چوارچێوەی تەقلیدیبەیات دەخولێتەوەئەگەرچی چواردەنگی رەگەزی یەکەمی تێپەراندووە،لەخانەی دووەم لەدووباری سەرەتاگۆرانکاری ودینامیکیەتی سەرچوون بۆرەگەزی دووەم و دروستکردنی رەگەزی راست لەسەرپلەی سۆل دروست دەبێت،لەکۆتای ئەو خانەیە جاری دووەم لەسەر پڵەی سەرەکی دەوەستێت،لەخانەی سێیەم بە پلە دەنگی موحەیەرو هەستیاری پەیژەکە دەپەرێتەوە پلەی هەشتەم و وەلامی تۆنیك بە چەند ووردەجوانکاری دووبارە لەسەرپلەی سەرەکی لەنگەر دەگرێت، خانەی چوارەم و کۆتایی بە گۆرانکاری لە ئیقاع بۆ شەش هەشت وگەرانەوە بۆ تەسلیم و کۆتایی بە سەماعیەکە دێت .






نموونـەی ژمـار(٣): لونـکا نەهاوەنـد: ئەودانـراوی موزیـك ژەنـی نـاوداری بەرەگەزتـورك جەمیـل بیـك تەمبوریـە، زاراوەی لۆنـگا سـەرچاوەی وشـەکە لـە ناوچـەی بەلقانـەوە هاتـووە بـە مانـای مویکـی سـەماکردن دێت . ئـەو لۆنگایـە لەلایـەن موزیـك ژەنـی میسری عەبدولحلیم نویرە نووسراوەتەوە، ئیقاعەکـەی دوو لەسـەر چوارە لـە سـەر مەقامـی نەهاوەند دۆیـە . ئـەو لۆنگایـە بیشـەکی نییـەو تەنیا تەسلیم و خانەیە،بەو مانایـەی تەسـلیم پاشـان خانـەی یەکم تەسـلیم خانـەی دووم تەسـلیم و کۆتایـی .

# شەریف محیەدین حەیدەر (١٨٩٢-١٩٦٧)
# پێشەنگی قوتابخانەی عود لە عێراق

هونەرمەندو نووسەری عێراقی دکتۆر(حبیب ظاهرعباس) لە کتێبی (شەریف محی الدین حەیدەرو قوتابیەکانی )باس لەکۆمەڵێك زانیاری وورد دەکات سەبارەت بە هاتنی ئەو هونەرمەندە بۆ عێراق و کارکردنی لە بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و، شێوازی وەرگرتنی قوتابیان و دەوامکردن وژیاننامەو سەرەتاکانی ژیانی هونەریی و باری خێزانی، دوایین سەفەرو تارۆژی کۆچکردنی (١٩٦٧/٩/١٣) لەگەڵ خستنە رووی کۆمەڵێك لە دانراوەکانی ئەو هونەرمەندە ناودارەی ئامێری عود. دواتر ژیاننامە وکۆمەڵێك دانراوەی عودی هەریەك لەقوتابی و ژەنیارە ناودارەکانی ئەو هونەرمەندەی لەکتێبەکەدا خستۆتە روو کە هەریەك لە (جەمیل بەشیر، مونیر بەشیر، سەلمان شوکر، غانم حداد،عادل ئەمین خاکی) ین .

نووسەر لەو کتێبەدا ئاماژەی بە شێوازی ژەنین و توانی هەریەك لەو قوتابیانەکردووە و،تیشکی خستۆتە سەر تایبەتمەندیەکانیان.لە ژێر ناونیشان و پەرەگرافێکی تایبەت بە تایبەتمەندیەکانی قوتابخانەی (شەریف محیەدین)دا، بەچەند خالێك گرنگترین تایبەتمەندی و لایەنە گەشەکانی قوتابخانەکەی لەچەندخاڵێکدا چڕکردۆتەوە،بەباشی دەزانین لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو خاڵانە بکەین :

١- دوباتیکردەوە کە ئامێری عود دەتوانێت رۆڵێکی گەورەو کاریگەر ببینێ لە گوزارشتی هونەری قوولأ،چ بەتەنیا،چ هاوشان لەگەڵ گروپی ئۆرکسترا.

٢- کارکردن لەسەر ئەوەی کە ژەنیاری عود لە توانایدا هەبێت بە تاکژەنی و ئیرتجالکردن و تەقسیم سنووری تەرەب وچێژ،تێپەڕێنیت وبگات بە ئاسۆی بڵندی گوزارشتکردن .

٣- گۆڕانکاری لە شێوەی دۆزانی عود وجێگیرکردنی هەندێك تایبەتمەندی بەکارهێنانی ریشەو خوێندنەوەی کاتەکانی نوارو کرۆش و دەبل کرۆش و، گرنگیپێدانی زیاد بەلایەنی کرداری و راهێنان لەبری لایەنی تیۆری.

٤- خۆ بەدوورگرتن لە دانراوە گۆرانی ئامێزەکان و، پشت بەستن بەپرۆگرامکردنی ئەو سەماعی و پارچە موزیکە تەکنیك و ئاست بەرزانەی کەهونەرمەند شەریف محیەدین نووسیبووی.

عود ژەنە ناودارەکانی ئەو قوتابخانەیە بوون بە ناوی دیار لە گۆرەپانی موزیکی عێراقی و ناوچەکە، سەرەرای جیاوازی نێوانیان بەلاَم بە گشتی لەنێوئەو قۆناغەدا چەند ژەنیارێك بە بەرهەمەکانیان و شێوازی تایبەتیان بوون بە نموونەو درێژە پێدەری قوتابخانەی عود ژەنین لە عێراق .دیارترینیان جەمیل بە شیر بوو کە لە پاڵ شاکارەکانی لە دوای خۆییدا ( میتۆدێکی ) فێرکاری بۆ پێنج قۆناغی قوتابیانی عود لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان بە چاپ گەیاند، کە لە زۆر شوێن تاکو ئەمرۆ وەك یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان پشتی پێ دەبەسترێت .

نموونەکانی (٤، ٥، ٦) ئاماژەو ئاوێنەی قۆناغی دووەمی قوتابخانەی شەریف محی الدین و بەشێك لە قوتابییەکانیەتی،کە لەدوای هاتنی بۆبەغدا لە گەڵ دەستپێکی کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا دەستپێدەکات .

نموونەی ژمارە (٧) تایبەتە بە موزیکی (چوارینەی عود) ئاماژەیە بۆ گروپ و شێوازێکی جیاواز لە مامەلە کردن وشێوازێکی تازە ی دانان و ژەنینی ئامێری عود لە عێراق لەلایەن عود ژەنی بە توانای عێراق (سالم عبدالکریم).

ئەو عود ژەنەی عێراق ئەگەرچی لەسەر قوتابخانەی شەریف محی الدین هەژمار ناکرێت، لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیست توانی بە فۆرم و شێوایێکی جیاواز دەرکەوێت و کۆمەلێك شاکاری هونەری بەرزی بۆ ئامێری (چوار عود) نووسیوەتەوە، ناوبراو خاوەن لە دوو توێی دووبەرگدا کۆمەلێك راهێنان و دیراسەی زانستی بۆ ئامێری عود بەچاپیگەیاندووە. شایانە وتنە (سالم عەبدولکەریم) قوتابی موزیکژەن وعود ژەنی ناودار (روحی خەماش)ە کە بەرەگزخەلکی فەلەستینیە.

نموونەکانی (٩،٨) ئاماژەن بۆنەوەی سێیەم لە ناوە دیارەکانی عود ژەنیین لە هەشتاو نەوە دەکانی سەدەی بیست و یەك لە عێراقدا،کە لە لایەن هەریەك لە خالد محمد علي و نەصیر شەممە نووسراوە ئەگەرچی ئەودووعودژەنە لەیەك ماوەیزەمەنی دەرکەوتوون لەعێراق،بەلام لەووردەکاری شێوازی ژەنیین وکارکردنیان بۆکارەهونەریەکانیان هەست دەکەیت دوو ئاراستەی جیاوازن.

لەلایەکی دیکەوە بە هۆکاری ئەوەی بابەتی شرۆڤەکاری و بەراورد کردن وخستنە رووی جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی میتۆدەکانی فێرکاری (عود) بابەتێکی دیکەی سەربەخۆیەو پێویستی بەتوێژینەوەو بەدواداچوونی هەمەلایە نەوقووڵ هەیە، بۆیە بەباشمانزانیوە لەو بەشەدا تەنیا چەند نموونەیەکی ناومیتۆدو راهێنانەکانی فێرکاری بخەینەروو، کەلەلایەن هەریەك لە (شەریف محیەدین، جەمیل بەشیر، سالم عەبدوالکەریم، نەصیر شممە،حاجی موعتەز،شەربل روحانە، ئامانج غازی) دانراون.


Moderato



3
3
3
3





نموونە(٢) لە راهێنان و ئیدۆتەکانی شەریف محی الدین




مثال : البار رقم ( 37 ) أنت مخير في عزفه بأحدى الطريقتين ( 1 ) او ( 2 ) .






نموونەی ژمارە (٤): یەکێك لە دانراوەکانی شەریف محی الدین، سەماعی (نەهاوەند) لەسەر پلەی دۆیە، ئەو سەماعیە هەموو ڕێساکانی سەماعی تیادا پەیرەوکراوە،وەك دیارە لە عێراق نووسراوە لە سالی ١٩٤٠، بە بەراوورد لە گەل زۆربەی دانراوەکانی شەریف محی الدین سادەو ساکاری پێوە دیارەو کەمتر تەکنیك بەکارهاتووەو لەسنوورێکی دیاریکراوی میانە دەنگیەکانی پەیژەی نەهاوەند دۆ دەخولێتەوە، خانەی چوارەمیش ئیقاعی ٦/٤ بەکار هاتووە ..




نموونە (١) لە راهێنانەکانی میتۆدی فێرکاری عود(جەمیل بەشیر)




نموونە(٢) لە راهێنانەکانی میتۆدی فێرکاری عود(جەمیل بەشیر)




نموونه (٣) له راهێنانەکانی میتۆدی فێرکاری عود (جەمیل بەشیر)

# سه ماعی نه هاوەند

جەمیل بەشیر




خانەی سێیەم
خانەی چوارەم



نموونەی ژمارە(٥): جەمیل بەشیر لە هەمان مەقام و پلّەی دەنگی مامۆستاکەی سەماعیەکی پڕلە تەکنیکی بەرزو میانەیەکی بەرفراوانی دەنگیی بەکارهێناوەو،ئەو سەماعیە ی جەمیل بەشیر یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی موزیکی رۆژهەلاتی،سەرباری ئەوەی گشت رێساکانی سەماعی بەرجەستە کردووە،هەست دەکەیت خانە دوای خانە و تەنانەت لە خودی یەك خانەشدا گۆرانکاری و هەمەرەنگییەکی جوانی پڕلە جوولە دەبیستین،دواجارلە خانەی چوارەمدا ئیقاعی (٧/٨)بەکارهێناوەو کە گونجاندنێکی هونەریی جوانتری داوە بە کۆی گشتی سەماعیەکە کە وەك دیارە زۆر دەبل کرۆش تربل کرۆش بوونە بە هێمای جیاکردنەوەی ئەو سەماعیە لە وانی تر.

https://arabic.oudmigrations.com

لەوماڵپەڕی کەئاماژەی پێدراوە بەناوی(هجرات العودOudmigrations) هاتووە(جەمیل بەشیردووساڵ پێش مردنی(١٩٧٧) لەگۆڤاری شەبەکەی لوبنانی وەك تەحدایەك رایگەیاند کە دیاریەکی بەنرخ پێشکەشی هەر بەهرەمەند دەکات ئەگەر بتوانێت ئەو سەماعی نەهاوەندە بژەنێت، وەك لەسەرچاوەکەدا هاتوو کەس نەچووە ئەو پێشبڕکێیەو کەسیش دیارەیەکەی وەرنەگرتووە ).

قرر مجلس أساتذة معهد الفنون الجميلة بجلسته المنعقدةفي ١٩٦٠/١١/١٤ ، تدريس هذا الكتاب بأجزائه في جميع صفوف معهد الفنون الجميلة ، وادخاله في المدارس التي تحتاجاليه ، بموجب كتاب مديرية الشؤون الفنية العامة بوزارة المعارف ، المرقم ١٠٦٦٦ ، والمؤرخ في ١٩٦١/٢/٦ .

# العود
## وطريقة تدريسه


لمؤلفه

جميل بشير

استاذ العود بمعهد الفنون الجميلة . بغداد



حقوق الطبع محفوظة للمؤلف


الجزء الأول

١٩٦١/٤/١




وەك لەسەرەوەی بەرگی بەشی یەكەمی میتۆدەكەدا هاتووە، ئەنجومەنی مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرە جوانەكان لە بەرواری ١٩٦٠/١١/١٤ بڕیار دەدەن هەموبەشەكانی وەك مەنهەج و پرۆگرام لە سەرجەم قۆناغەكانی پەیمانگەو شوێنەكانی تر بخوێندرێت .

سەرچاوە ماڵپەری (هجرات العود Oudmigrations).

## سەماعی (حیجازکار کورد)

مــونیر بەشــیر



نموونەی ژمارە (٦): مونیربەشیر کە سەربەهەمان قوتابخانەی عودە لە عێراق و ناوێکی دیارە،بەوە ناسراوە کە زۆربەی کات ئیشی لەسەر گوزارشتی موزیکی و دەربرینی هەست و تەرەب کردۆتەوە،لە سەماعیە کە حیجازکارکوردە لە سەر پلەی دۆ مونیر بەشیر سەماعیەکی سادەو ساکارو دور لە تەکنیک و میانەی بەرزبەچەند رستەو گوارنکاری وورد بۆ سکیلی بەیات و رەست جوانکاری لە دارشتنی سەماعیەکەدا کردووە، بە ئیقاعی ٦/٤ خانەی کۆتایی سەماعیەکەی دارشتووە .





نموونەی ژمارە (١) لە میتۆدی فێرکاری عود (سالم عەبدولکەریم )




نموونەی ژمارە (٢) لە میتۆدی فێرکاری عود ( سالم عەبدولکەریم )




نموونەی ژمارە (٣) لە میتۆدی فێرکاری عود (سالم عەبدولکەریم)




نموونەی ژمارە (٧): عودژەنی ناوداری عێراق سالم عبدالكريم کۆمەڵێك کاری هونەری تایبەت بەئامێری عود نووسیوەتەوە بەناوی چوارینەی عود،زۆربەی ئەو کارانە لەسەر میلۆدی و ئاوازە فۆلکلۆریەکان داریژراوە. دەکرێت بلێین ئەو ئەزموونەی هونەرمەند بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر ئەزموونێکە تازەیەو لاکردنەوەیەکی تازەیە لە گرنگیدان بە ئامێری عود ودەربازکردن و گواستنەوەیەتی لەو ئەرکەی کە هەمیشە پێوەی ناسراوە لەنێوگروپە ڕۆژهەڵاتیەکان .

سالم عبدالكريم لەوكارەیدا کە بۆ چوارعود نووسراوە،موزیکەکەی لە سەر گۆرانیەکی فۆلکلۆری عێراقی بەناوی (جی مالی والی ) دارشتووە، سەرەتای کارەکە تا کۆتایی ئیقاع ناگۆرێت و تاکۆتایی (٦/٤) هبە خێرایی ((Allegro سکێلەکەش لە سەرەتا (می بچووکی هارمۆنییە)لەناوەڕاستی کارەکەدا سکێل دەگۆرێت بۆ (فا ماینەر ) .

## PAZZLED STRINGS اوتـار حـائرة

## خالـد محمـد علـى 1985


خانەی یەکەم



اوتـار حـائرة PAZZLED STRINGS

2






نموونەی ژمارە (٨): سەماعی( ژێیە راراکان) (الاوتارالحائرە) شاکارێکی هونەریی موزیك ژەنی بەتوانا (خالد محمد علی ) یە ئەوسەماعیەش وەك زۆربەی کارەکانی دیکەی هونەرمەند پڕلە جوولەی هونەری وگۆرینی سکێل وگۆرانکاریەلە باری ئیقاع و رستەی موزیکیەکانیەوە، زۆربەی سەماعیەکانی ئەو هونەرمەندە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لەباری تەوزیفکردنی (دیورەیشن)ەوە، کوارتربل کرۆش و دبل کروش سیمایەکی روونی پێکهاتەی رستە موزیکیەکانی نێوکۆیگشتی سەماعیەکانیەتی،سەرباری بەکارهێنانی سکێلە رۆژهەلاتیەکان و فۆرمەلە کردنی رستەی موزیکی لە فۆلکلۆری عێراقیدا کە لەهەندێك سەماعی وەك (من بغداد )و ( راحە الارواح ) (الالوان ) ئەوانی تریشدا بەروونی دەبیندرێن .




هونەرمەند ئەو کارەی سالی ١٩٨٥ نووسیووە، سەماعیەکە لە خانەی یەکەم و تەسلیم نەهاوەندی دۆیە، دواتر لەسەر سۆل ماینەر خانەکانی یەکەم ودووەم و سێیەم بەکۆمەڵێك گۆرانکاری و گواستنەوەی ووردی نێو مەقامە رۆژهەلاتیەکان لە ئاستێکی بەرزو شیرنی کۆتاییان پێدێت، خانەی چوارەم بە ئیقاعی ٧/٨ دۆری هیندی نووسراوە لەو خانەیەدا لە نێوان سکێلی ماینەرو مێجەر چەند گۆرانکاریەکی هونەری جوان نمایش دەکات و توانا تەکنیکیەکانی ئامێرو ژەنیاری عود لە و سنوورە گونجاوەدا بەرجەستە دەکات کە خودی خۆی بروای پێیەتی.




نموونەی(١)لە میتۆدی فێرکاری عود (نەصیر شەممە)





نموونەی(٢) لە میتۆدی فێرکاری عود (نەصیر شەممە)




نموونەی(٣) لە میتۆدی فێرکاری عود (نەصیر شەمە)




نموونەی(٤) لە میتۆدی فێرکاری عود (نەصیر شەممە)




نموونەی(٥) لە میتۆدی فێرکاری عود (نەصیر شەممە)

# سماعي نهاوند

♩= 100

Composer: Naseer Shamma




# سماعي نهاوند

Composer: Naseer Shamma






نموونەی ژمارە(٩): سەماعیەکی هونەرمەندی ناودار(نەسیر شەممە)یە،ئەودانراوە هونەریە لە گەڵ راهێنانەکانی ئەو میتۆدە فێرکاریەی کە بۆ عود داینـاوە بڵاوکراوەتەوە، کە دیارە بە بەراوورد لەگەڵ کارە هونەریی و دانراوەکانی ئەو ساڵانەی دواییدا،هەست دەکەیت لە باری تەکنیك و ووردەکاریەوە،وەك سەماعیەکی ئاسایی دیتە بەرچاوان،رەنگە لەبڵاوکردنەوەی ئەودانراوەی لەو شوێنەدا، زیاتر مەبەستی لایەنی پەروەردەو فێرکاری بووبێت،نەك خستنە رووی توانای تەکنیکی بەرزونمایشکردن.





نموونەی ڕاهێنانی (١) لە میتۆدی فێرکاری عود (معتزمحمد صالح )




نموونەی راهێنانی (٢) لە میتۆدی فێرکاری عود (معتزمحمد صالح )




نموونەی راهێنانی (٣) لە میتۆدی فێرکاری عود (معتزمحمد صالح)





نموونەی راهێنانێك لە میتۆدی فێرکاری عود ( قوتابخانەی تورکی)

# الدرس الخامس والأربعون

سلّم "صول" الصغير Solm و"دو" الصغير Dom


من خلال الوضعين الثاني والثالث








سلّم "فا" الصغير Fam من خلال نصف الوضع الأوّل والوضع الثاني




نموونەی(١) لە میتۆدی فێرکاری عود( شەربل روحانا )




## الدرس السادس والأربعون


سلّم "لا" الكبير LaM و"مي" الكبير MiM
من خلال الوضعين الثاني والرابع



نموونەی(٢) لە میتۆدی فێرکاری عود( شەربل روحانا ).




نموونەی(٣) لە میتۆدی فێرکاری عود( شەربل روحانا ).




نموونەی(٤) لە میتۆدی فێرکاری عود( شەربل روحانا ).

## ڕاهێنان لەسەر پەیژەی (دۆ)مێجەر بەبێ ژێی ڕەها




## ڕاهێنان لەسەر پەیژەی (سۆڵ)ماینەر




نموونەی (١) لە میتۆدی فێرکاری عود( ئامانج غازی )

ڕاهێنــان لەســەر پەیــژەی (دۆ) ماینــەر




نموونەی (٢) لە میتۆدی فێرکاری عود( ئامانج غازی )

## راهێنــــان لەســـەر پەیـــژەی ڕاســـت(دۆ)




تێبیـــــنی / ئـــەم ڕاهێنانـــە بـــەم شـــێوازانە دەژەنـــرێ

1 ⊓ ⊓ ⊓ ⊓

2 ⊓ V ⊓ V

3 ⊓ V ⊓ ⊓

4 ⊓ ⊓ ⊓ V

5 ⊓ V V V

نموونەی (٣) لە میتۆدی فێرکاری عود( ئامانج غازی )

# دەرئەنجامەکان

لەدەرئەنجامـی ئـەو کورتـە توێژینەوەیـە بـۆم دەرکـەوت کـە بابەتەکانی (میتـۆدی فێـرکاری و، شـێوازەکانی کۆککـردن و،پیشەسـازی دروسـتکردن و،ئۆکسـتیکی دەنـگ و، هاوشـان لەگـەڵ کۆمـەڵێك بابەتگـەلی دیکـەی خودیـی و بابەتـی پەیوەسـت بـە ژەنیـارە داهێنەرەکانـی ئامێـری عـود) هەمووئەوانـە بەیەکەوە،کاریگـەری و شـوێن پەنجەیـان دیـارەو هەسـتیان پێدەکرێـت لەدانـراوەکان ومـۆرك و شـێوازی ژەنیینیـان رەنگیـان داوەتـەوە .

بەووردبوونەوەوکارکـردن لەسەرهەرشـێوازوقوتابخانەیەك فێرخوازوژەنیارانـی ناوەندەکانـی فێربـوون دەتوانـن سـوود لـەو ئاراسـتەو شـێوازانەی ژەنینـی ئامێـری عـود وەربگـرن وبیکـە ن بـە بنەمـا بـۆ هەنگاوەکانیـان .

ئـەو ئامێـرە لەلایـەن میللەتانـی رۆژهەلاتـدا لـە کۆنـەوە گرنگیەکـی زۆری پێدراوە،جیاوازترلـە ئامێرەکانـی دیکە،لـە بەرئـەوەی لـە بابەتـی دیاریکردنـی رێـژەی نێـوان دەنگـەکان پشـت بەژێیـەکان ومیانەکانـی نێوانیـان بەسـتراوە،لەلایەکی دیکـەوەش هەرلەکۆنـەوە ئامێـری هاوشـانی دەنـگ و گۆرانـی وتـن بـووە.

بەرلەگرنگیـدان بـە بۆتەکانـی موزیکیـی ئامێر،لـە رۆژهـەلات بـە گشـتی و ولاتانـی عەرەبـی بەتایبەتـی ئامێـری عودکۆتبەنـد بـووە بـە دەنگـی گۆرانیبێـژان وکۆروکۆبونـەوەی شـەوئاهەنگەکانی رۆژهەلاتیـەوە .

گرنگیـدان بـە میتـۆدی فێرکـردن وخوێندنـی ئامێـری عـود لـە رۆژهـەلات و ولاتانـی ناوچەکـە مێژوویێکـی کۆنـی هەیـە، بـەڵام بڵاوکردنـەوەو پەیڕەوکردنـی وەك میتـۆدی نووسـراو دەگەرێتـەوە بـۆ سـەرتاکانی سـەدەی بیسـت، دوای بەسـتنی یەکـەم کۆنگـرەی عەرەبـی لـە ولاتـی میصـر سـاڵی ١٩٣٢ .

لـە بـاری زانسـتی ئۆکسـتیکی و فیزیکیدا،کـە پەیوەسـتە بـە پیشـە سـازی وەبـەر هێنانـەوە لـە سـەرەتاوە تابـە ئەمڕۆ دەگات ئامێری عـود لەباری پێکهاتـەو قەبارەوە لەباری زانسـتیەوە جێگیـر نەبووە خاوەن سـتاندارتێکی جێگیـری نییـە، بۆیـە تاکـو ئەمـرۆ هەوڵـی بـەردەوام دەدرێـت تاکـو لەبـاری زانسـتی و ئۆکسـتیکی دەنگـەوە ئامێـری عـود جێگیربکرێـت .

لـە سـەرەتاکانی دانانـی میتـۆدی فێـرکاری ئامێـری عـود لـە وڵاتانـی عەرەبـی فـرە ئاراسـتەو،فرە شـێوازی جۆراوجۆرخراوەتـە بـەردەم فێرخوازوقوتابیانـی ناوەندەکانـی خوێنـدن و فێربـوون، لەبەرئـەوەی هەوڵـەکان هەوڵـی تاکەکەسـی بوونـە نـەوەك دامـەزراوەی زانسـتی و پەروەردەیـی .

ناجێگیریـی شـێوازی جیـاواز لـە ژمـارەو شـێوازی کۆکـردن و جـۆری پێکهاتـەی ژێیەکانـی ئامێـری عـود، یـە کێکـی دیکەیـە لـەو خالـە ناجێگیرانـەی کـە بۆتـە هۆکارێـك بـۆ کاریگـەری هاتنـە کایـەوەی شـێوازی جیاجیـای ژەنیـن وئـەدای جیـاواز.

## پێشنیازەکان

یەکەم : ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت و بەرفراون بۆ کۆمەڵێك بابەت کە پەیوەندی راستەو خۆیان بە بوونی شێوازگەڵی بێشوماری ژەنیینەوە هەیە بەتایبە بابەت گەلی وەك :

- پێڕەو کردنی ستاندارت وئەندازەی زانستیانە بۆ دروستکردنی ئامێری عود وقەبارە جۆراو جۆرەکانی.
- یەکخستن وجێگیرکردنی کۆککردن و ژمارەو جۆری ژێیەکانی عود.
- یەکخستن وهەڵبژاردنی میتۆدێکی دیاریکراو بۆکاری فێرکاری ئامێری عود لە دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردنی موزیك .

دووەم:گرنگیدان بەپیشەسازی دروستکردنی ئامێرەکانی موزیك بە ستاندارتی زانستی .

سێیەم:تەواوکردنی لایەنی دیکەی پێشکەوتنی ئاداوژەنینی ئامێری عودلە دیدە جیاوازەکاندا لە توێژینەوەکانی داهاتوودا.

## راسپاردەکان

- لایەنی پێوەندیدار لەهەردوو وەزارەتی خوێندنی بالاو رۆشنبیر لە عێراق و کوردستان رادەسپێردرێن کە هاوکاری هەماهەنگی بکەن لە داهاتوو لەگەڵ ئەو وەستاو پسپۆرو شارەزایانەی کە ئامێری عود دروست دەکەن لە شارەکان،بۆ ئەوەی لەگرنگی ئەو بابەتە ئاگادار بکرێنەوەو پێشبڕکێ لە سەر بە رهەمهێنانی کوالێتی زانستیانە بکرێت لە دروستکردنی ئامێری عود لە ئایندە .
- هەردوو وەزارەتی ناوبراو پێویستە پشتگیری هونگاوەکانی ئەو ماموستایانە بکەن کە سالانێکە لەبواری پەروەردەو فێرکاری ئامێری عوددا لە دامەزراوە پەروەردەییەکان وخاوەن تێڕوانین و دیدگای زانستی و هونەری شایستەن بۆ خزمەت کردن بە نەوەکان.
- رێکخستنی ۆرك شۆپ و دیداری تایبەت بۆ عود ژەنانی دامەزراوە هونەریەکان بۆکۆمەلێك بابەتی پەیوەست بەشێوازەکانی بەکارهێنان و ژەنینی ئەو ئامێرە لەکوردستان .

# سەرچاوەکان


١- د. صبحى انور رشيد، الموسيقى في العراق القديم . - طبعة الاولى ١٩٨٨.

٢- على الشوك - الموسيقى بين الشرق والغرب . الطبعة الاولى — كولونيا. المانيا.١٩٩٧.

٣- الحاج هاشم الرجب، الرسالة الشرقية فى النسب التأليفية لصفي الدين الارموى

٤- دراسة العود، كيف تعزف على العود، مصر، الاسكندرية، سنة ٢٠٠٩ .

٥- د. طارق حسون فريد مع الموسيقى العالمية، ص ٢٣، بغداد ١٩٨٩ .

٦- هنري فارمر، ت جرجيس فتح الله. تاريخ الموسيقى العربية، بيروت، ١٩٧٢ .

٧- الدليل الموسيقى العام فى اطرب الانغام، سنة الطبع ١٩٥٠ .

٨- د.جەنکی جلال حسن، المهارات العزفية المهارات العزفية على ألە العود في بعض بلدان الشرق الأوسط... دراسة اكاديمية غير منشورة .

٩- نضال عبيدات، تمارين مقترحة للتغلب على صعوبات العزف على ألة العود، دراسة اكاديمية منشورة على الانترنيت.

١٠- صميم شريف الموسيقى فى سوريا، سنة الطبع ١٩٩١، دمشق .

١١ - طارق عبد الله، فن العود خلال عصر النهضة على ضوء الأسطوانة .

.www.amar-foundation.org


١٢- الموسيقانا العربية اسئلة الاصالة والتجديد مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ٢٠٠٤ .

١٣- حبيب ظاهر العباس الشريف محي الدين حيدر وتلاميذتة، دراسة، مدونات، تحليل، بغداد ١٩٩٤.

١٤- ايام بغداد، وثائق ومحاضرات المؤتمر الدولي الثانى للموسيقى ١٩٧٨، بغداد .

١٥- حبيب ظاهر العباس العود وطريقة تدريسه، جميل بشير، بغداد ٢٠٠٦ .
١٦- توفيق الصباغ الدليل الموسيقى العام فى اطرب الانغام، سنة الطبع ١٩٥٠ .
١٧- ئامانج غازی، میتۆدی عود بۆ ژەنیاران، دەستنووس .
١٩- سالم عبدالكريم بغداد، دراسات الة العود، الجزء الاول، ١٩٩٤.
٢٠- حوريه عزمى. اساسيات اله العود،جزء الاول، ١٩٧٦.
٢١- جورج فرح، تمارين موسيقية لألة العود، الطبعة الثانية .
٢٢- مهدى كمون، الكندي وألة العود مجلة الحياة الموسيقية عدد ٥٤، سوريا .
٢٣- محمد فؤاد محفوض، تعليم الموسيقى الشرقية، مطبعة الترقي دمشق ١٩٣٥.
٢٤- مجلة ثقافتنا، العدد ٦ لسنة ٢٠٠٨.
٢٥- مجلة الحياة الموسيقية عدد ٥٤، سوريا .
تۆری ئەنتەرنێت
http://www.aaaschool.net
www.middle-east-online.com
https://www.google.com
www.sama3y.net
http://www.idildergisi.com/makale/pdf/1494581943.pd

# پاشکۆی وێنەکان







نموونەی چەند میتۆدی فێرکاری عود لەشوێنی جیاجیا لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و وێب سایتەکان دەبیندرێن .






المضراب - تستعمل في العزف على العود ريشة نسر مجففة او ما يشابهها في الرقة والكثافة تسمى المضراب .
يقبض على المضراب بجميع اصابع اليد اليمنى بعد ترك مسافة منه (يتراوح طوله بين ٢-٣ سم) خارجاً من بين الابهام والسبابة (انظر شكل -٣٦- للضرب به على الأوتار لا على وجه العود) وللمضراب قواعد واشارات ترسم فوق النوتات الموسيقية التي يراد عزفها من قبل التلميذ المبتدئ تعين بها طريقة او كيفية الضرب على الاوتار صعوداً او نزولاً . كما يجب ان تكون الضربات منتظمة بدون تقديم او تأخير في المسافات الزمنية .
فالاشارة (٨) تعني ضرب المضراب على الوتر مرة واحدة من الأعلى الى الاسفل (نازلة)
والاشارة (٧) تعني ضرب المضراب على الوتر مرة واحدة من الاسفل الى الأعلى (صاعدة)
ويستغنى عن رسم هذه الاشارات (الصاعدة والنازلة) بعد تمرين التلميذ وفهمه عدد ضربات المضراب بالنسبة لقيم العلامات الموسيقية .

شكل -٢٤-

شكل ٣٦

شكل ٣٥

شكل ٢٧

يوضح شكل ٢٧
كيفية استعمال المضراب وعدد الاشارات الصاعدة والنازلة بالنسبة لقيم العلامات الموسيقية .


- ٢٦ -


دراسة العود
بالطريقة العلمية
تأليف
أستاذ الموسيقى والفنان الإسلامي
بروفوسير د: عبدالحميد مشعل
بالجامعة الماليزية
الطبعة الرابعة


وزارة التربية والتعليم
تدريبات آلة العود
الصف الأول
دور المعلمين والمعلمات
وضع
الأستاذ جورج ميشيل
الأستاذ جمعه محمد علي
طبعة ١٩٧٢
١٣٩٢ هـ — ١٩٧٢ م


كتاب
دراسة العود
تأليف
صفر علي
عبد المنعم عرفة
محتويات الكتاب
مجموعة من التمارين ، الدواليب والبشارف
السماعيات على أحدث الطرق المصرية
الطبعة الثالثة
حقوق الطبع محفوظة للمؤلفين
١٣٦٩ ١٩٥٠


استراتيجيات ما وراء المعرفة
في تدريس التربية الموسيقية
بأستخدام آلة العود كآلة تربوية
تدريبات الضرب بالريشة
على الأوتار المطلقة
٢٥ درساً وتدريباً
دكتور
رضوى كمال محي الدين



وزارة الثقافة والاعلام
دائرة الفنون الموسيقية
معهد الدراسات الموسيقية

دراسات لآلة العود

الجزء الأول

١٠٠ دراسة للمستوى التكنيكي الأولي والمتوسط

سالم عبد الكريم



كتاب
تحفة الموعود


بتعليم العود


تأليف
محمد ذا[illegible]

حقوق الطبع محفوظة للمؤلف

الطبعة الأولى


بمطبعة اللواء بشارع الدواوين بمصر
١٣٢١هـ - ١٩٠٣م



تمارين ودراسات ومؤلفات



شربل روحانا
منهج العود
منشورات المعهد الوطني العالي للموسيقى - الكونسرفتوار
رقم ٤٢ - الطبعة الثانية ٢٠٠٣ - بيروت - لبنان


شێوازی ژەندنی
عود
دانانی
وانا خورشید






UD METODU
Prof. Dr. Gülçin YAHYA KAÇAR



ARABIC OUD BOOK ONE
OUD ETUDES
for children
A comprehensive Method Book for Beginners
by Kathleen Iler


OUD
For Ages:
7 – 97
Marina Toshich
All on 3 Strings!!!


LA MÉTHODE DE
Oud
Par Abdou Ouardi
Premiers pas
Techniques de base
Rythme, Mélodies,
Arpèges
Gammes majeures
Gammes mineures
Gammes orientales
et Quarts de ton
30 Classiques
du répertoire
arabo-andalou
et arabe
ÉDITIONS





Sekizinci Baskı
UD
METODU
Onur Akdoğu
SENFONİ MÜZİKEVİ


TEMEL
UD
EĞİTİMİ
Ersin ERSAVAŞ · İbrahim KARAROĞLU
İSMEK
İSTANBUL BÜYÜKŞEHİR BELEDİYESİ
SANAT ve MESLEK EĞİTİMİ KURSLARI
www.ismek.org · 0 212 531 01 41









## دوزان العود

إن الدوزان المتّبع في هذا الكتاب هو التالي:





ملاحظة: إن الصوت الذي نسمعه هو أدنى بديوان كامل ممّا هو مدوّن.





42 2


کۆککردنی ژێیەکانی عود لە میتۆدی فێرکاری عود لای شەربل روحانا.






0
1
2
3
4


Troisième Position III الوضع الثالث
طريقة مسك الآلة
42
6



Première Position I الوضع الأوّل
Demi Première Position I/2 نصف الوضع الأوّل
42
4


1
2
3
4



Deuxième Position II الوضع الثاني



Quatrième Position IV الوضع الرابع

5

